مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية المجلد (٢١) العدد الأول أذار ٢٠٢٦
Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
ISSN P: 1992-1179
ISSN E: 3107-3360
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
DOI: 10.32894/1992-1179.2026.168223.1327

# The Role of the Individual e Ruler in the Construction of Kurdish Identity: Sultan Saladin Al-Ayyubi as a Case Study

**Lecturer PhD.Kamaran Ali Fathullah**

**Date of research received 30/12/2025, Revise date 28/01/2026, accepted date 09/02/2026, Online Publishing15/3/2026**

**Abstract**

This research is a historical investigation that explores a vital topic: the role of the individuals as rulers and leaders in shaping and developing national identity. In the fields of historical science and the philosophy of history, rulers and leaders—often regarded as heroes and central figures—have played decisive roles in shaping historical events and influencing the dimensions of their nations. Their influence has had a profound social impact, to the extent that it has become a defining element of the nation's identity.

Despite the fact that Sultan Saladin is regarded as the father of an important national identity, he was also able to shape history during the period of the Crusades. Furthermore, as a significant symbol of Kurdish identity, he contributed to strengthening the existence and position of the Kurds in the context of Islamic and world history. His impact was such that the name, history, fame, and discussion of the Kurds as a nation became much more frequent in historical writings after his emergence, compared to before the emergence of this prominent Kurdish figure.

The researcher uses a historical-analytical approach to explore the different dimensions of identity formation by Sultan Saladin for the Kurdish people as an important historical legacy, and examines how this legacy can be applied to support the present and future of the Kurdish nation.

The research is organized into a preface, an introduction, two main chapters, conclusions, and a bibliography. The introduction outlines the concept of identity and national identity and provides a concise biography of Sultan Saladin. The first chapter explores Sultan Saladin's role in shaping and advancing Kurdish national identity by examining his qualities as both a humanitarian and a ruler/leader, presented in two subsections. The second chapter, divided into two subsections, analyses his contribution to Kurdish national identity as a shaper of historical events and as a historical figure who enhanced the Kurdish presence and significance within Islamic and global historical discourse.

**Keywords**: Sultan Saladin, National Identity, Individual Role, Kurdish History

# دور الفرد (السلطان) في بناء الهوية الكردية ((السلطان صلاح الدين الأيوبي)) أنموذجاً

م. د. كامران علي فتح الله*

تاريخ الارسال ٢٠٢٥/١٢/٣٠ ، تاريخ التعديل ٢٠٢٦/٠١/٢٨ ، تاريخ القبول ٢٠٢٦/٠٢/٠٩ ، تاريخ النشر ٢٠٢٦/٣/١٥

**الملخص**

تُعدُّ هذه الدراسة بحثاً تاريخياً يتناول موضوعاً ذا أهمية بالغة، وهو دور الفرد (بصفته حاكماً) في بناء وتطوير الهوية القومية. فمن المنظور الفلسفي للتاريخ، يُنظر إلى الحاكم كـ "بطل" في الأحداث التاريخية، يضطلع بدورٍ جوهري في توجيه مسار الوقائع والتأثير في مختلف أبعاد أمته؛ وهو تأثيرٌ يترك انعكاسات اجتماعية عميقة تصل إلى حدّ صياغة هوية جامعة للأمة. ويبرز السلطان صلاح الدين الأيوبي كصانعٍ لهوية قومية هامة؛ إذ تمكّن من قيادة حركة التاريخ خلال الحروب الصليبية، واستطاع من منظورٍ آخر –باعتباره رمزاً كردياً– تعزيز الوجود والمكانة الكردية في تدوين التاريخ الإسلامي والعالمي، بحيث أصبح ذكر الكرد كأمةٍ وحضورهم التاريخي بعد ظهور هذا السلطان الكوردي أكثر جلاءً وكثافةً مقارنةً بما سبقه .

اعتمد الباحث في هذه الدراسة المنهج التاريخي الوصفي التحليلي؛ وذلك لتحليل الأبعاد المتعددة للهوية التي منحها السلطان صلاح الدين للكرد بوصفها إرثاً تاريخياً حيوياً، وكيفية الاستفادة منها في حاضر الأمة الكردية ومستقبلها .

---

*مدرس، دكتورا، جامعة صلاخ الدين- اربيل / كلية الأداب/ قسم التاريخ

وقد اقتضت مقتضيات المنهج العلمي تقسيم البحث إلى: مقدمة، وتمهيد، ومبحثين رئيسيين، وخاتمة، بالإضافة إلى قائمة المصادر والمراجع. خُصص التمهيد لاستعراض مفاهيم الهوية والهوية القومية مع نبذة عن حياة السلطان صلاح الدين. أما المبحث الأول، فقد ركّز على تحليل دور السلطان في بناء وتطوير الهوية الكردية من خلال أبعاد (الإنسانية، والحكم، والقيادة) ضمن فقرتين. وتناول المبحث الثاني دور السلطان بوصفه مُوجِّهاً للتاريخ، ودوره كشخصية تاريخية كردية ساهمت في ترسيخ مكانة الكرد في المعرفة التاريخية الإسلامية والعالمية، وذلك عبر فقرتين أيضاً.

**الكلمات المفتاحية:** السلطان صلاح الدين، الهوية الإثنية، دور الفرد، التأريخ الكردي.

## رۆڵی تاك (دەسەڵاتدار) لە بونیادنان شوناسی کورد ، ((سوڵتان سەڵاحەددین ئەیوبی)) وەك نموونە .

**م.د. كامران علي فتح الله**

**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**پوختە:-**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی یە تاوتوێی بابەتێك دەکات ئەویش رۆڵی تاك وەك دەسەڵاتدار لە بونیادنانی شوناسی نەتەوەیی، بێگومان دەسەڵاتدار لە زانست وفەلسەفەی مێژوو وەك پاڵەوان لە رووداوە مێژووییەکان رۆڵی گەورەی لە ئاراستەکردنی رووداوەکان و کاریگەری لە رەهەندە جیاوازەکانی نەتەوەکەی هەبووە، ئەو کاریگەرییە رەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی زۆری نیشانداوە تا ئاستی ئەوەی ببێت بە شوناسێك بۆ نەتەوەکەی. سوڵتان سەڵاحەددین پێدەری شوناسێکی نەتەوەیی گرنگە، توانیویەتی ببێتە ئاراستەپێدەری مێژوو لە ماوەی جەنگەکانی خاچدروشمان، رەهەندێکی تری وەك شوناسێکی کورد توانیویەتی پەرە بە بەهێزکردنی بوون و پێگەی کورد لە زانین ونووسینەوەی مێژووی ئیسلامی وجیهانی بدات، بەشێوەیەك ناو ومێژوو و باسی کورد وەك کۆمەڵ بوونی رەگەزی لەدوای دەرکەوتنی ئەو زۆر زیاتر دەبێت بەراورد بە پێش دەرکەوتنی لەسەرچاوە ئیسلامیەکان کە رووداوەکانی ئەم چاخەیان نووسیوەتەوە،ئەمەش وەك کۆمەڵبوونێکی ئیتنیکی نەك نەتەوەیی بەتێگەیشتنی ئیستا .

توێژەر پەیڕەوی ڕێبازی مێژوویی وەسفی شیکاری گرتوتەبەر بۆ شیکاریکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی پێدانی شوناس لەلایەن سوڵتان سەڵاحەددین بە کورد وەک میراتێکی مێژوویی گرنگ و سوودبینین لێی بۆ ئێستا و داهاتووی نەتەوەی کورد.

پێویستی میتۆدی زانستی وای خواستووە کە توێژینەوەکە بۆ پێشەکی و دەروازە و دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دابەشبکرێت؛ جگە لە لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان. دەروازە تایبەتە بەخستنەرووی کورتەیەک لەناساندنی چەمکی شوناس وشوناسی نەتەوەیی و پوختەیەک لەژیانی سوڵتان سەڵاحەددین. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیکارکردنی ڕۆڵی سوڵتان لەبونیادنان و پێدانی شوناس بە کورد لەرەهەندەکانی وەک مرۆڤدۆستی و دەسەڵاتداری، کە لە دووبڕگەدا باسیان لێوە کراوە. تەوەری دووەم تایبەتە بە شیکاریکردنی رۆڵی سوڵتان لە بونیادنانی شوناسی کورد لە رەهەندەکانی ئاراستەپێدەری مێژوو، و رۆڵی لە زیاتر ناساندن و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامی وجیهانیدا. کە لە دووبڕگە باسیان لێوەکراوە.

**ووشە کلیلەکانی:** سوڵتان سەڵاحەددین، شوناسی نەتەوەیی، رۆڵی تاک، مێژووی کورد

**پێشەکی :**

پرسی شوناسی کورد لە دەوڵەتی ئەیوبی(٥٧٠-٦٤٨ك/١١٧٤-١٢٥٠ز) بەتایبەتی لە سەردەمی سوڵتان سەڵاحەددین (٥٧٠-٥٨٩ك/١١٧٤-١١٩٣ز) کە دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیە، جیاوازە لە میرنشینە کوردیەکان پێش خۆی، سەرەڕای ئەوەی ئەم دەوڵەتە لەسەر خاکی کوردستان(وولاتی کورد) دانەمەزراوە، و وەك میرنشین و قەوارەیەکی سیاسی هەرێمی و ناوخۆیی دەرنەکەوتووە، بەڵکو وەك ئیمپراتۆریەتێك و دەوڵەت و هێزێکی گەورە دەرکەوتووە کە رابەرایەتی بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی- رۆژهەڵاتی نزیکی کردووە. لەم دەوڵەتە بەتایبەتی سوڵتان سەڵاحەددین رۆلێکی کارا و کاریگەری گێڕاوە وەك تاکێکی دەسەڵاتدار لە بونیادنان و پێدانی شوناس بە کورد و بە ئاکارە کەسایەتیەکانی و گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی جیاواز لە کایە سیاسی و سەربازی و شارستانیەتەکەی توانی یەکبوونی ئیسلامی بەدەست بهێنێت و گۆڕانکاری لە بوونی کورد بکات، بەتایبەتی لە گواستنەوەی وابەستەبوون نیشاندان لە خێڵ و هۆزگەرایی بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو لە بەکۆمەڵ بوون و کۆکردنەوەی چەندین خێڵ و هۆزی جیاوازی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەی، ئەمەش

دواجار لە خزمەت کردە سیاسی و شارستانیەتە بووە کە رەنگدانەوە و کاریگەریە ئەرێنیەکانی دەردەکەوت، ئەمەش چوارچێوەی سەرەکی بابەتی توێژینەوەکەیە.

ئەگەر بمانەوێت سوڵتان سەلاحەددین وەك شوناسێکی کۆمەڵی بونیادبنێین دەبێت، وەك سمبولێکی یەکگرتوویی کورد لێی بڕوانین ئەو کاتە دەبێتە هەنگاوێکی ستراتیژی گرنگ، خودی مرۆڤدۆستیەکەی لە رەوشت بەرزی و گیانی لێبوردەیی و میهرەبانییەکەی بەتایبەت بەرانبەر بە دوژمنە شکستخواردوەکانی، و رەنگدانەوەی بەها باڵاکانی وەك بەخشندەیی وشەرفمەندی و پیاوەتی، و سەرکەوتوویی لە فەرمانڕەوایەتیەکەی، هەموو ئەمانە بۆ ئێستا و داهاتووی نەوە نوێیەکان رێنمووی بەخشدەبن، بەتایبەتی بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکانی هزر و دیدگا جیاوازەکان لە بارەی ئەوسوڵتانە ، ئەو کاتە دەتوانین لە مرۆڤدۆستی و کەسایەتی و ئاکار و رەوشت بەرزی یە ئیسلامیەکەی بەپلەی یەکەم و کوردبوونی بە پلەی دووەم و بلیمەتی و پاڵەوان بوونی وەك دەسەلاتدار و جەنگاوەری لێهاتوو و ئایندەبینی ئەو بۆ شوناسی کوردی سوودی لێ ببینین.

**کێشەی توێژینەوە:**

لەو رەخنانەی ئاراستەی سوڵتان سەلاحەددین دەکرێت ئایا چی بۆ کورد کردووە؟ ، سوڵتان رەگەزی کوردی پەراوێز نەخستووە بەڵکو پێشیخستووە و رێزی لەرەگەزەکانی دیکەش ناوە و پشتی پێوەبەستوون، ئەم پرسیار ودەربڕینانە کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات و توێژەر لەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامبدات و چارەسەریان بکات.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی و گشتی ئەم توێژینەوەیە روونکردنەوەی پێدانی شوناسە بە کورد لە کەسایەتی سوڵتان سەلاحەددین لە رەهەندەکانی وەك مرۆڤدۆستی و دەسەلاتدار و فەرمانڕەوایی، و ئاراستە پێدەری مێژوو و شیکارکردنی ئەم پێدانەی لە شوناس، و بەدیارخستنی ئەو رەهەندانەی وایان کردووە سوڵتان ببێتە پێدەری شوناس بە کورد، بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو ووردبوونەوەی قووڵ هەبووە لە ژیان و کەسایەتیەکەی.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

خۆی لەوە دەبینێتەوە، ئایا سوڵتان سەلاحەددین وەك كەسایەتی و دەسەڵاتدار ئەو رۆڵە سیاسی و سەربازییەی گێراویەتی توانیویەتی ببێتە پێدەری شوناس بە كورد؟ و سروشتی پرسی شوناس لەو سەردەمەدا لەچ ئاستێك دابووە، ئەو رەهەند و لایەنانە كامانەن؟ كە شوناس پێدەری كورد لە سوڵتان بەدیار دەخەن ئەگەرچی پرسی سەرەكی سوڵتان ئاینی بووە لەو سەردەمەدا .

**گرنگی توێژینەوەكە:**

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە سوڵتان بەهۆی كەسایەتی و بەها مرۆیی و رەوشتیەكان و رۆڵە سیاسی و سەربازیەكەی توانیویەتی ببێتە پێدەری شوناسیكی دیار بە كورد، و رەواندنەوەی هەموو ئەو رەخنەو تۆمەتە نارەوایانەش لە بایەخی ئەم توێژینەوەیە زیاتر دەكات، و دەتوانرێت وەك سمبولێكی كورد بتوانین لەو وێستگە و مەكۆ كۆمەڵایەتی و سیاسی و نێودەوڵەتیەكان بۆ پرسی نەتەوەیی كورد سوودی لێ ببین لەئێستادا.

**هۆكارەكانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

بە پلە یەك بۆ زیندوویەتی بابەتەكە دەگەرێتەوە لەنێوكۆمەڵگەی كوردیدا لە ناوەندە ئەكادیمی و رۆشنبیری و تەنانەت سیاسی و راگەیاندن و خەڵك بەگشتی ئەم بابەتە دەیوروژێنێت كە پرسی شوناسی كوردی و پەیوەندار بوونی بەخودی كەسایەتی سوڵتان سەلاحەددین ، ئەگەر چی ئەو رۆڵە سیاسی و سەربازی و شارستانیەتەكەی گێراویەتی لە مێژوودا بەگشتی لەچوارچێوەی دۆزی ئاینی بووە . لەلایەكی تر پسپۆری توێژەر هۆكارێكی تر ئەم بایەخپێدانەیە بەم بابەتەی توێژینەوەكە، و خستنەروو و شیكاركردنی ئەو زانیاریانەی پەیوەستە بەم ناونیشانە بە شێوەیەكی زانستی.

**پلان و چوارچێوەی توێژینەوە:**

میتۆدی زانستی وای خواستووە توێژینەوەكە پوختەو پێشەكی و دەروازە و دوو تەوەری سەرەكی و ئەنجامەكان و پێشنیازەكان و لیستی سەرچاوەكان و ژێدەرەكان و پوختە بەزمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی لەخۆگرتووە. لە دەروازەدا تیشك خراوەتە سەر كورتەیەك لەناساندنی چەمكی شوناس وشوناسی نەتەوەیی، و ژیانی سوڵتان سەلاحەددین لە دووبرگەدا. تەوەری یەكەم تەرخانكراوە بۆ لێكۆلینەوە و شیكاركردنی رۆڵی سوڵتان سەلاحەددین لە بونیادنانی شوناس بە كورد لە رەهەندەكانی وەك مرۆڤدۆستی و دەسەڵاتدار و سەركردە، كە

لە دووبڕگەدا باسیان لێوە کراوە، لە بڕگەی یەکەم باس لە ڕۆڵی سوڵتان لە بونیادنانی شوناسی کورد لە ڕەهەندی مرۆڤدۆستی کراوە. لە بڕگەی دووەم ڕۆڵی سوڵتان لە بونیادنانی شوناسی کورد وەك دەسەڵاتدار و سەرکردە خراوەتەروو.

تەوەری دووەم تایبەتە بە شیکاریکردنی ڕۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین لە بونیادنانی شوناسی کورد لە ڕەهەندەکانی وەک ئاراستەپێدەری مێژوو، و ڕۆڵی لە زیاتر ناساندن و بەهێزکردنی پێگەی کورد لەزانینی مێژوویی ئیسلامی وجیهانیدا، لە دووبڕگە باسیان لێوەکراوە. بڕگەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی سوڵتان لە بونیادنانی شوناسی کورد لە ڕەهەندەکانی ئاراستە پێدەری مێژوو. بڕگەی دووەم تایبەتە بە خستنەرووی ڕۆڵی سوڵتان لە زیاتر ناساندن و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە زانینی مێژووی ئیسلامی و جیهانیدا.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی زۆر لە بارەی لایەنی سیاسی و شارستانیەتی سوڵتان سەڵاحەددین ئەنجامدراوە بەتایبەتی پێگەی و بلیمەتی و کارێزما بوونی لە ڕوانگە ودیدی مێژوونووسان بەنموونە: لەوانە(صلاح الدين الأيوبي(١١٧١-١١٩٣م) قائدا كاريزميا من عصر الحروب الصليبية) توێژ (د.محمد مؤنس احمد) نووسیویەتی،هەروەها توێژینەوەکانی(د.محسن محمد حسين) بەتایبەتی (سەڵاحەددین بەرای مێژوونووسان سوارچاکی سەڵاحەددین) وتێزی دکتۆرای توێژەر(حكيم عبدالرحمن البابيري)بەناوی(الدولة الأيوبية وفق نظرية الدولة لإبن خلدون ) تیادا توێژەر لە بەشێکی شیکاری بۆ بەکۆمەڵبوونی کورد کردووە لە پاڵپشتی و پشتگیری کردنی سوڵتان سەڵاحەددین لەدەسکەوتەکانی وبەدیارخستنی هەڵوێستی لەهەمبەر ڕەگەزی نەتەوەکەی کە کوردە ، جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هیچ توێژینەوەیەك لە پێشوودا لە کوردستان و عێراق و دەوروبەریدا لە بابەتی پێدەری شوناس بە کورد لە کەسایەتی و ڕۆڵی سوڵتان لە ڕەهەندەکانی مرۆڤدۆستی و دەسەڵاتداری و ئاراستەپێدەرەی مێژوو، ئەنجام نەدراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پەیرەوی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی وەسفی شیکاری کردووە، بە خستنەرووی زانیاریە بنەڕەتیەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکان وشیکاری بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی پێدانی شوناس لەلایەن سوڵتان سەڵاحەددین بە کورد کراوە، وەک میراتێکی مێژوویی گرنگ وسوود لێ بینین بۆ ئێستا و داهاتووی کورد.

**دەروازە: کورتەیەك لە ناساندنی چەمکی شوناس و شوناسی نەتەوەیی، و ژیانی سوڵتان سەلاحەددین.**

چەمکی شوناس یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بەئاسانی ناتواندرێت لە پێناسەیەك بخرێتەروو، بەهۆی بەیەکداچوونێتی لەگەڵ چەمك و بوارەکانی دیکەی زانین لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی وەك کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و مێژوو و شوێنەوار و ئابوری و رامیاری و جوگرافیا و زانستی دەروونزانی و زمان و هونەرو ئایین(البيض، ٢٠٠٩، ٣٢؛ الملاح، ٢٠١٠، ٩).یاخود پێناسە دەکرێت :((راستی ئەو شتەیە یان ئەو کەسەیە بە رەهایی ئاکارە کرۆکیەکانی لەخۆدەگرێت، ئەمەش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە))(المعلوف، ١٩٥٦، ١٩٦٧). ئەگەرچی شوناس، چەمکێکی نوێ یە، بەڵام هەندێ لە زانایانی زمانی عەرەبی مانای شوناس(الهوية) لە کۆندا زانیوە و پێناسەیان کردووە، لەوانە(الجرجاني)(م: ٨١٦ك/١٤١٣ز)دەڵێت: ((شوناس ئەو راستیە رەهایە یە کە راستیەکان لەخۆدەگرێت وەك چۆن ناوك دارێك لە پەنهانی رەهادا دەگرێتەخۆی))(١٩٨٥، ٢٧٨) . لە زمانی ئینگلیزیدا ووشەی (شوناس) بەرانبەر بە (Identity) بەکارهاتووە.

خودی ووشەکە هەڵگری دووماناى جیاواز و دژبەیەکە لەلایەك جەخت کردنەوەیە لەسەر جیاوازی، لەلایەکی ترەوە گوزارشت کردنە لە وەك یەکتربوون لە نێو کۆمەڵدا، کەواتە شوناس ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندیە تاکی و کۆمەڵییەیە بە جیاواز و سەربەخۆ دەردەکەوێت لە ئاستی بەراوردکاری بە ئەوانی تر. (گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧، ٢٢١، ٢٢٣). لەلایەکی لە هزری کۆمەڵناسیدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە شوناس نابەخشرێت و نادرێت، بەڵکو زیاتر بونیاددەنرێت. (البيض، ٢٠٠٩، ٣٦؛ عبدالله خان، ٢٠٢٤، ١٠). جا دیاری کردنی کۆمەڵی مرۆیی لە کرۆکدا پەیوەستە بە دیاریکردنی رۆشنبیری و کلتوریەکانی، هەربۆیە کۆمەڵ لەکۆمەڵناسیدا پێناسە دەکرێت بەوەی سیستمێکە لەپەیوەندیە ئاڵوگۆڕەکان. (دوفرجيه،١٩٩١، ٢٩).

ئەگەرچی لیکۆڵینەوەکان لە شوناسی نەتەوەیی، بەگشتی و شوناسی نەتەوەی کورد بەتایبەتی، لەو تەوەر و پرسە نوێیانەیە لە سەدەی نۆزدەی زاینی زیاتر بەدیاریکراوی بۆتە جێگەی گرنگی پێدان، تا کاتی ئێستا بەردەوامە . (الملاح،٢٠١٠، ٩).

دیارترین ئەو هۆکارانەی کە هانی توێژەرانی داوە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بکەن، گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی بووە لەنێو گەلانی جیهاندا. (النوري، ١٩٨١، ١٠٤؛ الملاح، ٢٠١٠، ٩).

هەر بۆیە شوناسی نەتەوەیی ناسنامەیەکی ڕێژەیی و مێژووییە هەر گەلێك لە ڕێگەی کارلێککردن یان پەیوەندیە هونەریە مشتومڕ و(دیالێکتیەکەی) لەگەڵ مێژوو بەدەستیدەهێنێت. (البیطار، ١٩٨٢، ١٠، ١٧). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە مێژوو ڕۆڵێکی جیاوازو تایبەت و هەستیار لە دیاریکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەگێڕێت، بەوپێیەی بنچینەی شوناسی هەموو نەتەوەیەك لە مێژووەکەی سەردەگرێت. (الملاح،٢٠١٠، ١٠).

تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی مێژوو جەخت دەکەنەوە کە ڕێسا و یاسا سروشتی وکۆمەڵایەتی و مێژووییەکان کاریگەریان لە کردەی پەرەسەندن و پێگەیشتنی نەتەوەکان هەیە، جا بەم شێوەیە نەتەوەی کورد لە مێژووی سەرهەڵدان و تەواوبوونی بنەما و پێکهاتەکانی گوزەری کردووە و ملکەچی ئەو ڕێسایانە بووە کە نەتەوەکانی دیکەش گوزەریان کردووە و ملکەچی بوونە ،(عبداللە خان،٢٠٢٤، ٣٧)، لەم بارەیەوە بیرمەندی فەرەنسی گوستاف لوبون(١٨٤١-١٩٣٢ز) وای بۆ چووە کە گیانی نەتەوەیی بە هێواشیەکی زۆر سەرهەڵدەدا و تەواو دەبێت کە چەند سەدەیەکی درێژ دەخایەنێت. (١٩٥٤، ١٧٠).

کەواتە شوناسی نەتەوەیی هەرگەلێك لە جیهان کۆی ئەو تایبەتمەندیە جیاکاریە کولتوورییە گشتیانەیە کە خاڵی هاوبەش لەنێوان تێکڕای تاکەکانی هەر گەلێك پێکدەهێنن، بەشێوەیەك جیاوازییەکانی خۆیان لەگەڵ گەلانی تر بزانن و جیاییکەنەوە، چونکە هەموو شوناسێك لە هەبوونی جیاوازی نێوان خود و ئەوەی دیکەدا دێتەئاراوە. (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٢٠).

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شوناسی نەتەوەیی بە تێپەڕبوونی قۆناغە مێژووییە جیاوازیەکان دێتەئاراوە.(بعلبکي وآخرون،٢٠١٣، ٢٦). هەر بۆیە جیاوازیەکان لە لێهاتن و تواناکان بەپێی تایبەتمەندی و جیاکاریە خودیەکان و هەلومەرجە بابەتیەکان و گۆڕەپانخوازیەکانی بەردەم هەر نەتەوەیەك بە نەتەوەی کوردیشەوە کاریگەریان لەسەر ڕێڕەو و قۆناغەکانی سەرهەڵدانی شوناسە نەتەوەییەکەی هەبووە تا گەیشتنی بە ئاستی پێگەیشوویی. (لیدمان،٢٠١٦، ١٠٥)، هەروەك (ابن خلدون) نەتەوەکانی بۆ نەتەوەی شارستان و نەتەوەی

دڕندەیی بەربەری نا شارستان دابەشکردووە، بێگومان ئەمەش ڕاستیەکی مێژووی مرۆڤایەتیە. (٢٠٠٧، ١٣٩، ١٧٣).

هەربۆیە تیۆرە کۆمەڵناسیەکان لە گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی نەتەوەکان وەك ڕاستیەکی بابەتیانەی مێژوویی، ژمارەیەك لە بنچینە و ڕەگەزیان دیاریکردووە وەك پێوەر بۆ شوناسی نەتەوەیی و جیاکاری لە نێوان نەتەوە پێگەیشتووەکان لە دیارترینیان: بوونی حەتمیەتی مرۆیی کە کۆمەڵە مرۆڤێکی گەورە لە یەك بنەچە و نەژاد بن، و نیشتەجێ بووی یەك خاك بن، و ناوێکی نەتەوەیی هاوبەشیان هەیە کە بەم ناوە لەنێو گەلانی تر ناسراون، و لەخاکێك دەژین و نیشتەجێن کە ناوی نەتەوەیی خۆیان هەڵگرتووە، و مێژوویەکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، جگە لەمەش خاوەن زمانێکی نووسراوی هاوبەشن و قسەی پێدەکەن، و کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە. (میران،٢٠١٣، ٢٦٧).

بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی وورد لە مێژووی کورد، دەبینین شوناسی کورد، هەر لە مێژووی پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان بەدیاریکراوی هەر لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەت میدیا لە ساڵی(٥٥٠پ ز) بە نموونە گرفتی گەورەی لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی شوناسەکەی بۆ دروست بووە بەهۆی لاوازی وابەستەبوونی نەتەوەیی و سیاسی ...هتد، بەتایبەتی بە لەدەست دانی بەشێکی زۆری لەئەنجامی داگیرکردنی خاکەی و ژێردەستەکردنی گەلەکەی لەلایەن دەسەڵاتداریەتیە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەکە بەتایبەتی شانشینی(هەخامەنشی) ئەخمینیەکان، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالواحد وخضر، ٢٠٢٣، ٩١-١٠٥) سەرەڕای ململانێیەکانیان لەگەڵ ئیمپراتوریەتی گریگەکان(مەکدۆنی یۆنانی) کە بەشێکی ئەو ململانێ یە سەربازیانەی نێوانیان لەسەر خاکی کورد و نیشتمانەکەی یەکلاییبوونەتەوە بەتایبەتی شەڕی گۆگامێلا(ئەربیلا)ی ساڵی(٣٣١پ ز) وەك نموونەیەکی دیاری ئەم پەیوەندیە سەربازییە. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٢٣-٣٦)، ئەم بارودۆخە سیاسیە سەبارەت بە کورد و خاکەکەی بەردەوام دەبێت لە سەردەمەکانی دیکەش وەك ئیمپراتۆریەتی ساسانی(٢٢٤-٦٥١ز) و ئیمپراتوریەتی ڕۆمە بێزەنتیەکان(٣٩٥-١٤٥٣ز) و داگیرکاری کوردستان لەلایەن هەردوو هێز و بەردەوامی ململانێی یە سیاسی و سەربازیەکانیان بە زیانی کورد تەواوبووە،وکاریگەری لەسەر شوناسی ئەم گەلە جێهێشتووە.بڕوانە:(ناوخۆش، ٢٠١٦، ١٢-٢١، ٤٩- ٥٠).

تا دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و موسڵمانەکان و کردەی فتوحاتی ئیسلامی و موسڵمان بوونی بەشێکی زۆری کورد لە ماوەیەکی مێژوویی، لەم قۆناغەشدا سەرەتاکانی شوناسە نەتەوەییەکە بەهۆی ئەو زەمینە و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەی هەبوو، هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ نەهاتوتەدی تا بتوانێت سەرەتاکانی دەربکەوێت، بەڵکو شوناسە ئاینی و بیروباوەڕە تازەکە زاڵ بوو، لەلایەکی تر ناوی کورد وەك شوناس بۆ ئەو کۆمەڵە مرۆییە پێگەیشتوو و بنچینە تەواوە بەکارنەهاتووە، بەڵکو زیاتر ناوی هۆزە کوردیەکان بەکارهاتووە، لەلایەکی تریش جوگرافیای وولاتی کورد کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد تیایدا ژیاوە، هەڵگری ناوە شوناسە نەتەوەیەکە نەبوو، بەڵکو ناوە کارگێری و جوگرافیاکانی بەخۆی هەڵگرتبوو وەك هەرێمەکانی ئەزربیجان و چیا و جەزیرە و شارەزوور، ئەمەش گرفتێکی تر شوناسی نەتەوەیی کورد بووە، و بەردەوام بوو تا دوای سەرهەڵدانی میرنشینە کوردیەکان لە دوای سەرەتای سەدەی چوارمی کۆچی/ سەدەی دەیەمی زاینی، ئەگەرچی لەم قۆناغەدا کورد قەوارەی سیاسی بونیاد دەنێت وەك میرنشین، بەڵام گرفتە بونیادگەراییی شوناسە نەتەوەیەکەی هەردەمێنیت، چونکە دابەشکاری کارگێری و جوگرافی خاکەکەی نەیتوانیووە شوناسە نەتەوەیەکە هەڵبگرێت وەك جوگرافیایەکی یەکگرتوو بەڵکو دابەشکاریە کارگێریەکە کاریگەری زۆری هەبوو لە بنج و بەست کردن و بەهێزکردنی وابەستەبوون بۆ خێڵ و هۆز ئەمەش گرفتێکی تری بەردەم شوناسە نەتەوەیەکە بووکە ئینتما بۆ خێڵ و هۆز لە بری نیشتمان و خاکی یەکگرتوو، ئەمە جگە لە گرفت و کێشە ناوخۆییەکان، و هەرەشە دەرەکیەکانی بۆ سەرقەوارە سیاسیە کوردیەکان،کە لاوازی ئامادەگی کورد نیشاندەدا وەك نەتەوەیەك لەسەر کۆڕەپانە سیاسیەکە بە درێژایی سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی/ دەیەم و یازدەهەمی زاینی و بەهەمان شێوە بۆ ژمارەیەك میرنشینی تریش لە سەدەی شەشەمی کۆچی و دوانزەهەمی زاینی، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالله خان،٢٠٢٤، ٤٠-٥٦؛ عبدالله،٢٠٢٣، ١٦٧-١٧٧).

لێرەدا مەبەستمانە ئاماژە بە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی بکەین.

**پوختەیەك لە ژیانی سوڵتان سەلاحەددین:-**

ناوی یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی یە نازناوی(الملك الناصر صلاح الدين) بووە. (ابن الأثير، ١٩٨٩، ٢٠١/٧-٢٠٢؛ ابن خلكان، د.ت، ١٣٩/٧). لەساڵی(٥٣٢ك/١١٣٧ز) لە قەڵای تکریت لەدایك بووە، دوای ئەوەی بنەماڵەکەی لە دوینەوە بۆ ئەم شارە کۆچ دەکەن و لەو کاتەدا باوکی پایەی شوحنەی هەبووە، کە بەرپرسی پاراستنی لایەنی ئاسایشی و سەربازی

ئەو شارە بووە. (ابن الأثير، ١٩٨٩، ٢٠/٧؛ ابن شداد،٢٠٠١، ١٢). رەچەڵەك و زێدی بۆ خێڵی رەوادی سەر بە هۆزی گەورەی هەزبانی کوردی دەگەڕێتەوە، (ابن خلكان، د.ت، ١٣٩/٧)، بنەماڵەی ئەیوبی لە خانەدانەکانی کوردن(ابن الأثير، ١٩٨٩، ٢٠٠/٧). لەهەرێمی ئەزەربیجان لە گوندێك بەناوی ئەجدانقان لە دەروازەی شارۆچکەی دوین ژیاون، باوکی (ئەیوب)(م:٥٦٨ك/١١٧٢ز) لەم گوندە لەدایك بووە، و خەڵکی ئەم گوندە هەموویان لە کوردە رەوادیەکان بوونە. (ابن خلكان، د.ت، ١٣٩/٧).

لەبواری پەروەردە و فێرکردن هەر لە منداڵیەوە بایەخی پێدراوە ، و لەلای چەندین زانا خوێندوویەتی.(بۆزیاتر زانیاری بڕوانە:ابوشامة،٢٠٠٢، ٢/ ٣/ ٢٢٤-٢٢٥؛ ابن كثير،٢٠٠٢، ٦٨٢/٢)، لە خێزانێکی کوردی پێگەیشتووە و پەروەردەکراوە، دواتر ڕەنگدانەوەی لە ژیانی سیاسی و بواری سوارچاکی ئازایەتی و رەوشت بەرزی ولێبوردەیی هەبووە. (بۆ زیاترزانیاری بڕوانە: ابن شداد،٢٠٠١، ١٢-٤٣).

دواتر پلەی سەرۆکایەتی پۆلیسی دیمەشقی لەلایەن (نورالدين محمود)(٥٤١-٥٦٩ك/١١٤٦-١١٧٤ز) پێی بسپێردرێت ،(ابوشامة،٢٠٠٢، /١ ٢٩٦/١-٢٩٧؛ بيومی،١٩٤٢، ٩٠). ئەمەش بەرئەنجامی ئەو پەروەردەیە بووە کە لەسەری گۆش کرابوو.

لە قۆناغەکانی تری ژیانی سیاسی سەلاحەددین بەشداریکردنی بوو لە هەڵمەتەکانی دەوڵەتی زەنکی بەسەرکردایەتی(اسدالدين) شێرکۆی مامی (م:٥٦٤ك/١١٦٩ز) دوای مردنی پایەی وەزارەت لە خەلافەتی فاتیمی وەرگرت، و بوو بە وەزیری ئەم دەوڵەتە لە هەمان ساڵدا. (بڕوانە: ابن الأثير،١٩٨٩، /٧ ١٦٦، ١٧٢-١٧٤، ١٨٨-١٩١، ١٩٦-٢٠٣؛ ابن شداد،٢٠٠١، ٤٣-٤٩). دواتر بە بەهێزی ئەم پایەی بەڕێوەبرد. (بڕوانە:ابن الأثير،١٩٨٩، ٢٠٢/٧-٢٠٣). ئەمە بوو بە مایەی بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و خۆشویستنی لەلای میسرییەکان، دواتر لەساڵی(٥٦٧ك/١١٧١ز) کۆتایی بە خەلافەتی فاتیمی هێنا. (ابن الأثير،١٩٨٩، ٢١٧/٧).

لەساڵی(٥٦٩ك/١١٧٤ز) دوای مردنی(نورالدين محمود) بەهۆی تێکچونی بارودۆخی شام ، (بڕوانە:ابن الأثير، ١٩٨٩ ،٢٤١/٧-٢٤٣)، توانی رەزامەندی خەلافەتی عەباسی بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی ئەیوبی لەساڵی(٥٧٠ك/١١٧٤ز)وەربگرێت. (السيوطی،١٩٦٧، ٢/ ٧-٨)، دواتر لەماوەی نێوان(٥٧٠-٥٨٢ك/١١٧٤-١١٨٦ز) توانی پڕۆژەی یەکبوونی چەند وولات و ناوچەیەکی لەژێر سەرکردایەتی خۆی تەواوبکات. (نوری،١٩٧٦، ٢٥١)، لەساڵی(٥٨٣ك/

١١٨٧ز) توانی شاری قودس بگێڕێتەوە دوای سەرکەوتنی لە جەنگی حطين. (ابن شداد،٢٠٠١، ٨٥-٨٨، ٩٢).

لە پەرچەکرداری گێڕانەوەی قودس توانی لە بەرپەرچی شاڵاوەکانی خاچدروشمەکان بداتەوە،و شکست بە هەوڵە سیاسی و سەربازی و دبلۆماتکاریەکانیان لە گێرانەوەی قودس بهێنێت ، دواجار رێکەوتنامەی (الرملة)ی ساڵی(٥٨٨ك/١١٩١ز)لەگەڵ خاچدروشمەکان بەست لەسەر چەند خاڵێك رێکەوتن، (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حەبیبوڵڵا، ٢٠٢٥، ١٩٠-١٩٧). لەکۆتاییدا سوڵتان بەنەخۆشیەکی کوشندە لە(١٧ی مانگی سەفەری ٥٨٩ك/٤ی ئازاری ١١٩٣ز) کۆچی دوایی دەکات. (ابن شداد،٢٠٠١، ٣٣٢-٣٣٣).

**تەوەرەی یەکەم/ رۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین لەبونیادنان وپێدانی شوناسی بە کورد لە رەهەندەکانی مرۆڤدۆستی و دەسەڵاتدار و سەرکردە :-**

لەراستیدا یەکێك لەو دەسەڵاتدارە کوردانەی، بەدرێژایی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی نوێ و هاوچەرخدا زیاتر دەکرێت وەك پێدەری شوناس لە رەهەندەکانی مرۆڤدۆستی و دەسەڵاتدار لێی بڕوانین، ئەویش سوڵتان سەڵاحەددینە، هەر بۆیە شیکار و لێکدانەوەی ئەم پرسە وابەستەیە بەو سەردەم و زەمینە و هەلومەرجە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و هزرییەی ئەم فەرمانڕەوایە تیایدا ژیاوە ئەمەش پەیوەندارە بە بونیادی هزری کۆمەڵگە و تاکی کورد لەو کاتەدا، بێگومان بۆ هەرسێ کۆڵەگە سەرەکیەکەی بونیادی هزری دەگەڕێتەوە ئەوانیش بونیادی نەتەوەیی و هۆزگەرای و ئایینی یە، لەبەر ئەوە کارێکی ئاڵۆزە خۆدۆزینەوە لە نێوان ئەم سێ بونیادە لەم سەردەمەدا و کارێکی ئاسان نیە لە کاتێکدا بونیادە ئایینیەکە لە گۆڕەپانە سیاسی و سەربازیەکەدا لە پلەی یەکەمدا خۆی دەبینیەوە بەهۆی ململانێی نێوان جیهانی ئیسلامی و جیهانی مەسیحی ئەوروپی لەژێر ناوی جەنگی خاچدروشمەکان.

ئەوەی وایکردووە سوڵتان سەڵاحەددین لە نێوان ئەم سێ بونیادە هزرییە وەك کەسایەتی و دەسەڵاتدارێکی هاوسەنگ لە تاقیکردنەوە کرداریەکانی سەرکەوتووبێت بوونی بونیادی کەسایەتی و پەروەردە و مامەڵەی دروست و بەجێ یەکەیەتی، دواجار بۆتە وێنا و کەرەستەی نموونەی باڵا، بە سوود لێ بینین بەتایبەتی بۆ بونیادی شوناسی کورد، کە مرۆڤدۆستیەکەی وەك دەسەڵاتدار و سەرکردە لەرابردوو و ئێستا و داهاتوو وەك بونیادێکی شوناسی نەتەوەیی بۆ کورد سەیردەکرێت تەنانەت لە زۆر لایەن ئەم شوناسە بەهۆی ئەم دەسەڵاتدارە پەرەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە تا ئاستی ناسینەوەی کورد لەسەر ئاستی جیهان بە کەسایەتیەکەی . لەم تەوەرەدا شرۆڤەی ئەم بونیاد و پێدانەی شوناسە دەکەین.

**١- رۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین لە بونیادنان و پێدانی شوناس بە کورد لە ڕەهەندی مرۆڤدۆستی:-**

یەکێك لە تایبەتمەندی کەسێتی سوڵتان سەڵاحەددین کە پێی جیادەکرێتەوە لە هەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارێکی تر مرۆڤدۆستیەکەیەتی، هەر بۆیە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی سوڵتان بە یەکێك لە لوتکەی لێکۆڵینەوە هەرە دیارەکانە نەك لە مێژووی ئیسلامی بەڵکو لە مێژووی ئەورووپاش لە سەدەکانی ناوەڕاست هەژماردەکرێت، ئەمەش نەك تەنها بەهۆی ئەوەی دەسکەوتی سیاسی وسەربازی بەدەستهێناوە، بەڵکو زیاتر بە جیاوازبوونی کەسایەتیەکەیەتی لەسەرکردەکانی دیکە کە چەندین بەهای بەرزی مرۆیی لەخۆیدا بەرجەستەکردبوو، و لەمامەڵە و ڕەفتاریدا ڕەنگدانەوەی کرداری هەبووە، کە نوێنەرایەتی و پێشەنگی نموونەیەکی شارستانی کردووە لە مێژوو و زەمینەی ئەو سەردەمەی خۆی تاك و دەگمەن بوو تا نەبوونی لە مێژووی گەلانی تر وایکردووە دوژمن و دۆست بەهەمان شێوە ڕێزی لێبگرێت، هەروەك (هاملتون جب) دەڵێت: ((سەردەمی سەڵاحەددین زیاترە لە ڕووداوێکی تێپەڕبوون بەسەریدا بە ئاسانی لە مێژووی شەڕەکانی خاچدروشمان، ئەو نوێنەرایەتی یەکێك لەوساتە دەگمەن و ورووژێنەرانە کردووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە چوارچێوە و پێکهێنەری ڕەوشتی و یەکبوونی ئامانج بۆ ماوەیەکی کورت هەموو گومان باشی پاڵنەرەکانی مرۆیی و ڕزگاری بوون لە هەڵە تێگەیشتنی خست، هەردووکیان دەرئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەکی درێژخایەنی چاوتێبڕینەکانی میرە خۆویستەکانن)). (١٩٩٦، ١١٧-١١٨). ئەمە دەرخەری ئەوەیە سوڵتان شوێن پەنجە و کاریگەری گەورەی ڕەوشتی لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانان و ناموسڵمانان نیشانداوە، توانیویەتی ئەو بەها باڵایەی هەڵیگرتووە بۆ کۆمەڵگە و دەوروبەرەکەی بگوازێتەوە، بێگومان ئەمەش لەلایەنی کەسی و سیاسیەکەی کاریگەری خۆی نیشانداوە.

سوڵتان هەڵگری ئەو بونیاد و بنچینە هزری و بیروباوەڕە ئایینی یە بوو وایکرد بە کردار هزری مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان ببێتە ڕێنمایکار و بونیادی مامەڵەکردن لە ڕەفتاری نموونەیی نیشانی بەرانبەر بدات لە مامەڵە جیاوازەکاندا، لەبەر ئەوەیە مێژوونووس و ڕاوێژکار و دادوەری سەربازیەکەی(ابن شداد) لە ناوی کتێبەکەیەوە (النوادر السلطانیة والمحاسن الیوسفیة)، ناوەڕۆکەکەی لەبارەی ژیان و مێژووی سیاسی و سەربازی و دبلۆماسی ... هتد، نووسیویەتی بەر لە باسکردنی مێژووەکەی بەگشتی هاتووە باس لە بونیادە هزری و ڕەوشت و پەروەردەو پێگەیاندنی کردووە دیارە بۆ ئەوەیە تا پێمان بڵێت کەرەستەی

کەسایەتی ئەم دەسەڵاتدارە بونیادە ئاکارو رەوشتی وپەروەردە و بەها باڵا مرۆییەکانیەتی، و کاتێك باس لە بیروباوەر و بنچینەکانی ئیسلام لە کرداری ئەم دەسەڵاتدارە، و بەها مرۆییەکانی دەکات لە دادگەری و بەخشندەیی و ئازایەتی و ئارامی و نەرم و نیانی و لێبوردەیی و مرۆڤدۆستی و پیاوەتی و چاکەکردن و یارمەتی دان بە نموونەی کرداری لە ژیانیدا ... هتد، (ابن شداد،٢٠٠١، ١٢-٤٣). لەدەقێکدا (ابن الأثير)(م:٦٣٠ك/١٢٣٢ز) بەم شێوەیە مرۆڤدۆستیەکەی دەخاتەروو:((میهرەبانی خوای لێی بێت، کەسێکی بەخشندە و لەسەرخۆ نەرمونیان و هێمن ، و خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و چاك و، زۆر خاکی و ئارامگر بوو لەوەی پێی ناخۆش بوو،زۆر چاوپۆشیکار و خۆی بێ ئاگا دەکرد لە هەڵە و گوناهەکانی(ذنوب) هاوەڵانی ، لە هەر کامیان شتێکی ناخۆشی ببیستایە، پێی ڕانەدەگەیاند و ڕەفتاری بەرانبەری نەدەگۆڕا))،(١٩٨٩، ٤٠٤/٧).

سوڵتان سەلاحەددین لەروانگەی مرۆڤدۆستی مامەڵەیکردووە لەو وەسیەتنامەیەی بۆ کوڕەکەی(الملك الظاهر)(٥٦٨-٦١٣ك/١١٧٢-١٢١٦ز) ئامۆژگاری کردووە هاتووە، دەڵێت: ((ئامۆژگاریت دەکەم بەپارێزگاری کردن لە خوا، کە سەری هەموو چاکەو خێرێکە، وفرمانت پێدەکەم بەوەی خوا فرمانت پێدەکات کە هۆی دەربازبوون و سەرکەوتنتە، وهۆشیاریت پێدەدەم کە خوێن رشتن و چوونە نێو ئەوکارە ولاسایی بکەیتەوە و ببێتە نەریت، بزانە خوێن ناخەوێت، وئامۆژگاریت دەکەم بە پارێزگاریکردن لە دڵەکانی میرەکان و سەرانی دەوڵەت و گەورە بەرپرسەکان، بزانە ئەوەی پێی گەیشتووی بە زانست و زانین و شارەزاییەوە بووە، قین و ڕق لەکەس هەڵمەگرە، بزانە مردن کەس ناهێڵێتەوە، ووریای نێوان خۆت وخەڵکەکە بە، چونکە خوا لێت خۆش نابێت تەنها بە رازیکردنی خەڵکەوە نەبێت، و ئەوەی لە نێوان خۆت وخوا هەیە لێتخۆش دەبێت تەنها بەگەرانەوە بۆی، ئەوە بزانە خوا زۆر بەهێز و بەخشندەیە)). (ابن شداد،٢٠٠١، ٣٢١). لەم وەسیەتنامەیەدا تایبەتمەندیە شارستانی و ئاکاری بەرز و بەها تاکی و کۆمەڵایەتیەکان بەروونی دیارە،کوڕکەی بە هەڵگری بەرپرسیاریەتی خەڵکی دەخاتە ئەستۆ، تەنانەت لەسەر حسێبی کوڕەکەی بایەخ بە ئاسودەیی ژیانی خەڵکدەدا، ئەمەش نموونەیەکی دەگمەنی رەفتاری شارستانییە. (خۆشناو،٢٠١٥، ٧٤).

ئەم بەها رەوشتیە مرۆڤدۆستیە لە سیاسەت و مامەڵەکردنی سوڵتان نەك تەنها بۆ خودی خۆی بەڵکو بۆ تاکی کورد بۆتە پێناس و شوناسێکی باو، تەنانەت لە سەردەمی خۆیدا سنووری ئیسلامی تێپەرکردووە و دوژمنان و ناحەزانی هەستیان بەو مرۆڤدۆستی لێبوردەیی سوڵتان سەلاحەددین کردووە هەروەك لە نموونە ئەو منداڵ و دایکەدا بەرجەستە دەبێت، وادیارە لەسەر

سنوری سەنگەرە سەربازیەکاندا باو بوو لەنێوان هەردوو بەرەی موسڵمانان و خاچدروشمەکان فڕاندی کەسانی یەکتر،کورتیەکەی ئەوەبوو شەوێك_ڕێگر و دزە موسڵمانەکان منداڵێکی شیرەخۆرەیان لە چادرێك فڕاند ، دایکی منداڵەکە شیوەن و گریانی لێ بەرزبوویەوە و پەنای بردە بەر گەورەکانی خاچدروشمان ئەویش ووتی(سوڵتان) مەبەستی سەلاحەددین بووە کەسێکی زۆر میهرەبان و بەبەزەیی یە، ئێمە وا دەکەین تۆ بگەیینە لای و داوای منداڵەکەتی لێ بکە، بە دڵنیایەوە بۆت دەیگەڕێنێتەوە، ئەویش خۆی گەیاندە نێو سوپای ئەیوبی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکردن، ڕێگەیان پێدا سوڵتان ببینێت، پێی ڕاگەیاند و بۆ لای تۆ منیان هێناوە کچەکەم نازانم لە کوێ یە، پەنام بۆ تۆ هێناوە، تەنانەت فرمێسکی لە چاوانی سوڵتان هێنا، سوڵتان فەرمانی کرد خێرا بەهەر شێوەیەك بێت ئەو منداڵەی بۆ بگێڕنەوە، هەواڵی پێگەیشتەوە منداڵەکەی لە بازاری سەربازگە فرۆشراوە، منداڵەکەی بە نرخەکەی کڕیەوە و سوارچاکێك بەخۆیی و منداڵەکە گەیشت و بۆ دایکەکەیان هێنایەوە ، پاشان دایکەکە بە منداڵەکەیەوە رەوانەی نێو سەربازگەی خاچدروشمەکانی کرایەوە. (ابن شداد،٢٠٠١، ٤١).

ئەمە دەرخەی ئەوەیە بەزەیی ومرۆڤدۆستی سوڵتان زۆر بەگەورەیی لەلای خاچدروشمەکان هەستی پێکراوە و بەکردار بەشێوەیەکی دڵنیایی لێیان بینیوە ئەگینا بەم شێوە ئافرەتەکەیان رەوانەی لای ئەویان نەدەکرد هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە :((فقال لي المملوك السلطان هو أرحم، نحن نخرجك اليه تطلبين ابنتك منه ...)). (ابن شداد،٢٠٠١، ٤١). ئەمەش نموونەیەکی باڵای ئەو شوناسە مرۆڤدۆستەیە لە سوڵتان سەلاحەددین وەك میراتێکی کلتوری بۆ نەتەوەکەی جێهێشتووە کە ئەوروپیەکان زۆر بە زەقی لێیان بینیوە لەسەردەمێکدا دەمارگیری کێبڕکێ و ململانێی توند لەنێوان هێزە ناوخۆیەکانی میسر و شام و ناوچەکانی تری وولاتانی ئیسلامی لەلایەك، وموسڵمانان و خاچدروشمەکان لەلایەکی تر قوربانیە مرۆییەکانی موسڵمانان و مەسیحیەکان لێکەوتۆتەوە، هەر بۆیە دەرکەوتن و بوونی سوڵتان وانەیەکی لە رەوشتبەرزی و مرۆڤدۆستی لە مامەڵە و رەوشتی سیاسی پێشکەش بە دوژمنەکانی کردووە، و وایکردووە ببێتە جێگەی کاریگەربوون و سەرسوڕمانی نەیارانی پێش دۆستەکانی.

نموونەکانی ئەم مرۆڤدۆستیەی سوڵتان گەلێك زۆرن تەنانەت گەیشتۆتە ئاستی دەسەڵاتدارە دوژمنە سەرسەختەکانی لەوانە(ریتشارد قلب الاسد) پاشای ئینگلتەڕا(١١٨٩-١١٩٩ز) لە ئەوروپاوە دوای هەڵمەتی سێیەمی خاچدروشمان بە مەبەستی گێڕانەوەی شاری قودس و کۆتایی هێنانی بە سوڵتان سەلاحەددین بۆ وولاتی شام هاتبوو، بەڵام کە نەخۆش کەوت، سوڵتان، پزیشکی تایبەتی خۆی و لەگەڵ میوە و بەفری بۆ دەنێرێت، (ابن

شداد،٢٠٠١، ٣١٠-٣١١؛ ابن واصل،١٩٥٧، ٤٠٢/٢)، ئەمەش لوتکەی مرۆڤدۆستی و پیاوەتی سوڵتان نیشان دەدات، بوو بە مایەی سەرسوڕمانی خاچدروشمەکان و مەسیحیەکان لە بەرانبەر ئەو ڕێزو بەزەییەی سوڵتان، تەنانەت ئەم نەخۆشکەوتنەی بەهەل نەزانی تا سوود لە ڕەوشەکەوە وەربگرێت، بە مەبەستی زیان پێگەیاندنی لەو کاتەدا، پاشای ئینگلتەرا لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی سوڵتان سوپاسی کرد، لەلایەن نێردەی تایبەتی خۆی. (ابن شداد،٢٠٠١، ٣١١؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ١٩٠/٢). ئەم ڕەفتارو کردارە مرۆڤدۆستی سوڵتان بەگەنجینەیەکی زۆر بە بەها هەژمار دەکرێت لە وەرگرتنی پێگەی بەرز و دیار لە نێو کۆمەڵگەی مەسیحی-ئەوروپی، ئەمەش شوناسێکی کلتوری بە کورد دەبەخشێت، کاتێك باس لە پایە بەرزیەکەی دەکرێت، و دەتواندرێت لە زۆر ڕەهەند سوودی لێ ببیندرێت وەك شوناسی پایەداری کورد لە ڕێزگرتن و مامەڵە کردنی ئەرێنیانە بەرانبەر بە ئەوەی دیکە جا نەك هەر دۆست بێت بەڵکو سوڵتان ئەم سنورەی تێپەڕکردو بەرانبەر بە دوژمنەکانیش ئەنجامیدا.

ئەوەی ماوە بوترێت چەند هۆکار و ڕۆڵیان هەبوو لەوەی سوڵتان سەلاحەددین ببێتە نموونە و شوناسێکی دیاری مرۆڤدۆستی لە پێشینەی ئەو هۆکارانە پەروەردەو پێگەیاندنیەتی هەر لە منداڵیەوە باوکی سوور بوو لەسەر پەروەردەکردنی بە بەها بەرز و ڕەوشتە بەرێزەکانی ئیسلام. (ابن شداد،٢٠٠١، ١٥)، هۆکارێکی تر مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایین و نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان بەتایبەتی تورك و عەرەب و کورد و خاچدروشمەکان و ئەرمەن و جوولەکە و مەسیحی.. هتد، (خۆشناو،٢٠١٥، ٧٤). جگە لەوەی لە پێگەیەکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستی بووە، هەمیشە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ زانایان هەبووە و ڕاوێژی پێکردوون لەکۆڕەکانیان بەشداریکردووە. (ابن شداد،٢٠٠١، ١٧، ١٩).

سەرەڕای ئەو هۆکارانە دەتوانین بڵێین زۆر فەرمانڕەواو دەسەڵاتدار ئەم ڕەوش و هۆکارانەی بۆ فەراهەم بووە، بەڵام نەیتوانیوە وەك سوڵتان سەلاحەددین بێت، ئەمەش بۆ هۆکارێکی خودی دەگەڕێتەوە کە کاریگەری گەورەی لە ڕەوشت بەرزی و لێهاتوویی سەرکردایەتی کردنیدا هەبوو.

**٢- ڕۆڵی سوڵتان سەلاحەددین لە بونیادنان و پێدانی شوناس بە کورد وەك دەسەڵاتدار و سەرکردە:-**

یەکێکی تر لە ڕەهەندە دیارەکانی کەسایەتی سوڵتان سەلاحەددین بوونیەتی وەك دەسەڵاتدارێکی لێهاتوو لە زۆر بواری گشتی و تایبەتیەکانی دەسەڵاتداری یاخود سەرکردە

بوون، جا لەو ئاکار و تایبەتمەندیە گرنگانە لێزانین وئامانجداری و خاوەن کەسایەتی بەهێزو متمانە بەخۆبوون، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی سیاسی و دادگەری و بەهێزی کەسایەتی و زیرەکی سیاسی و لێهاتنی دبلۆماتکاری بوون، و بوونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ دەورووبەرەکەی، و دەستگرتن بە راوێژکردن و دوورکەوتنە لە تاکرەوی ... هتد. دەکرێ بوترێت هەموو ئەم ئاکارو تایبەتمەندیانە و زیاتریش لەخودی کەسایەتی سوڵتان بەرجەستە ببوون ئەم بەهێزیە لە کەسایەتیەکەی وەك فەرمانرەوا وایکردووە لەچەند لایەنێك دەبێت بە پێدەری شوناس بە کورد. سەرەتا پێویستە بزانین لە بارەی پرسی کورد بوونی، سوڵتان چی لە شوناس بە کورد دەبەخشێت.

یەکێك لەوگرفتانەی لە شوناسی کوردبوون رووبەرووی سوڵتان سەڵاحەددین بەگشتی بۆتەوە وەك دەسەڵاتدار پرسی کورد بوونیەتی، ئەگەرچی ئەم بابەتە لە سەرچاوە مێژووییەکان یەکلابۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەکان خۆیان بەشێکن لەو گرفتە بۆچوونی تر لەبارەی بنەچە و نەژادی کورد بوونی سوڵتان و بنەماڵەی ئەیوبی لەگەڵ بۆچوونی راست و دروست و یەکلاکەرەوەکە دەخەنەڕوو. (بڕوانە: ابن خلكان،د.ت، ٣٩/٧-٤١؛ ابن واصل،١٩٥٣، ٣/١-٦؛ابن خلدون،١٩٧٩، ٢١٨/٥)، کەچی لەنێو میرە ئەیوبیەکان هەوڵیانداوە خۆیان دووربخەنەوە لە نەژاد و رەچەڵەکی رەسەنی کوردی و خۆ لکاندن بە نەژاد و خوێنی عەرەبی بەگشتی و نەژادی بنەماڵەی ئومەویەکان بە تایبەتی، تا ئەو رادەیەی کوردبوونی خۆیان رەتکردۆتەوە کە ووتراوە : ((انما نحن عرب، نزلنا عند الاكراد و تزوجنا منهم)) واتا: ((ئێمە عەرەبین لە نێو کورد دا نیشتەجێ بووین(دابەزیون) و هاوسەرگیریمان لەگەڵیان کردووە و لێمان خواستوون)). (ابن واصل،١٩٥٣، ٣/١).

هەروەها (الملك المعز اسماعيل بن سيف الاسلام ظهرالدين طغتكين)(٥٩٣-٥٩٨ك/ ١١٩٧-١٢٠٢ز)ی پاشای یەمەن لەسەردەمی فەرمانڕوایی(الملك العادل سيف الدين)(٥٩٦-٦١٥ك/١٢٠٠-١٢١٩ز) بانگەشەی بەستنەوەی نەژادیان بە بنەماڵەی ئومەوی کردووە، هەوڵیداوە خەلافەتی ئومەوی لە یەمەن بگەڕێنێتەوە و ناسناوی خەلیفەی بەخۆی داوە، تا مۆرکی شەرعیەت بوون بە فەرمانرەوایەتی کردنەکەی بدات، بەڵام سوڵتان سەڵاحەددین رەچەڵەك و نەژادی عەرەبی بوونی بنەماڵەکەیانی رەتکردۆتەوە و نکوڵی لەمە دەکات و ووتوویەتی: (( بۆ ئەم بنەچەیە هیچ سەرچاوە و راستیەکی نیە))(( ليس لهذا الاصل اصلا)). (ابن خلكان،د.ت، ١٤١/٧)، لەلایەکی تر تەنانەت(الملك العادل)ی برای سوڵتان ، ئەویش ئەم بانگەشەی(الملك المعز)ی برازای بە توندی رەتکردۆتەوە و نکوڵی ئەوەی کردووە

بنەماڵەکەیان نەژادیان بۆ ئومەویەکان بگەڕێتەوە و ووتویەتی: ((لقد كذب اسماعيل، ما نحن من بني امية اصلا)) واتا((ئیسماعیل درۆی کرد، ئێمە بەهیچ شێوەیەك لە بنەماڵەی ئومەوی نین)). (ابن واصل،١٩٥٣، ٤/١).

لەڕاستیدا(الملك المعز) پیاوێکی هەڵەشەی بیر ئاڵۆز و ناتەواوبوو، لەم بانگەشەکردنە کەوتوتە هەڵە، تەنانەت خراپ مامەڵەکردنی لەگەڵ سەرباز و میرەکانی سەرنجام لێی ڕاپەڕین و کوشتیان. (ابن خلكان،د.ت، ٥٢٤/٢-٥٢٥). (المقريزي)(م: ٨٤٥م/١٤٤١ز) ئەمەی یەکلایکردۆتەوە کاتێك سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو لەسەر هەوڵی هەندێك لە میرە ئەیوبیەکان لەخۆدەرهێنان لە نەژادی کوردبوونیان، وخۆلکاندن بە عەرەب، لەوکاتە دەستی پێکردووە کە ئەم بنەماڵەیە بوون بە خاوەنی دەسەلات و دەوڵەتیان دامەزراند هەروەك هاتووە: ((هذه اقوال الفقهاء لهم ممن اراد الحظوة لديهم لما صار الملك اليهم)) واتا:((ئەوە یەکێکە لە ووتەکانی فقهیەکان سەبارەت بەوان، لەو کەسانەی کە دەیانویست ڕەزامەندی ئەوان بەدەست بهێنن کاتێك شانیشینی و دەسەڵاتداریەتی هاتە لای ئەوان))، و بە یەکەم دەسەڵاتداری کورد هەژماری دەکات فەرمانڕەوای میسری کردووە، لە ناوهێنانی خۆی و باوك وباپیرانی لەکۆتایی ناسناوی(الكردي) خستۆتە سەریان (١٩٩٨، ٤٠٤/٣-٤٠٥). لێرەدا دەردەکەوێت ورووژاندن و باسکردنی ڕەچەڵەکی سوڵتان سەلاحەددین لە نێو سەرچاوەکاندا ئاماژەیەکی گرنگە بۆ پرسی جیاکاری نەتەوە و ڕەچەڵەك، ئەمەش زیندویەتی هەستی نەتەوەیی ئەو سەردەمە نیشاندەدات، ئەوەی(المقريزي)یش ئاماژەی پێداوە بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگە بۆ ئەوەی کە هەرکەس و لایەنێك هەوڵیداوە سوڵتان وەك شوناس و پێناسێکی نەتەوەیی و ڕەگەزی خۆی لێی بڕوانێت بۆ شانازی پێوەکردنی. لەلایەکی تر نکۆڵیکردنەکەی سوڵتان و(الملك العادل)ی برای لە گەڕانەوەی ڕەچەڵەکیان بۆسەر عەرەب، بەڵگەیەکی ترە کە سوڵتان و بنەماڵەکەی بەرگریان لە ڕەچەڵەکی خۆیان کردووە، و جەختیان کردۆتەوە ئەوان ڕەچەڵەکیان بۆ عەرەب یان هەر نەتەوەیەکی تر ناگەڕێتەوە ،ئەگەرچی بەراشکاوی نەیانووتوە نەژادیان کوردیە.

پێدانی شوناسی کوردبوون و جەخت کردنەوە لێی لە سەلاحەددین لە ئاستێکی پەرەسەندوو تر، لە هەڵبژاردنی بۆ بوون بە وەزیری خەلافەتی فاتیمی لە میسر(٣٥٨-٥٦٧ك/٩٦٩-١١٧١ز)، زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، کاتێك خەلیفەی فاتیمی(العاضد لدين الله)(٥٥٥-٥٦٧ك/١١٦٠-١١٧١ز) دوای مردنی(اسد الدين) شێرکۆی، سەلاحەددین بەربژێردەکات بۆ پایەی وەزارەت کە بڕیاری خۆی بوو، لەوکاتەدا میرەکان ئەوانەی لەگەڵ شێرکۆ هاتبوونە میسر هەریەکەیان چاوی لەوە بوو خۆی ئەم پایە وەربگرێت.

لێرەدا ئەو ڕۆڵەی(الفقيه عيسى الهكاري)(م: ٥٨٥ك/١١٨٩ز) گێرایی کاریگەری شوناسی کورد و هۆزگەرایی کوردی دەردەکەوێت، کاتێك هەوڵەکانی بۆ ڕازیکردنی میرە کورد و تورکەکان، چووەلای(سيف الدين علي بن احمد)(م: ٥٨٨ك/١١٩٢ز) ناسراوە بە(المشطوب الهكاری) توانی ڕازی بکات، پێی ڕاگەیاند بە هەبوونی(عين الدولة الياروقي)(ساڵی مردنی نەزانراوە) و(شهاب الدين محمود الحارمي)(م:٥٧٣ك/١١٧٧ز) و(قطب الدين خسرو بن تليل الهذباني)(ساڵی مردنی دەست نەکەوت) بۆ تۆ نابێت، پاشان چووە لای(شهاب الدين) و پێی ڕاگەیاند کە سەڵاحەددین خوشکەزای خۆتە شکۆ و دەسەڵاتداریەتی ئەو بۆ تۆیە و ئەم پایەیە بۆ ئەو یەکلابۆتەوە، و تۆش یەکەم کەس نیت هەوڵبدەی ئەو پایەیە بۆ ئەو نەبێت، توانی ئەویش ڕازی بکات و گفت بە سەڵاحەددین بدات، (ابن الأثير،١٩٨٩، ٢٠٢/٧؛ ابن خلكان،د.ت، ١٥٣/٧-١٥٤). دواتر ڕووی لە(قطب الدين) کرد، لێرەدا(الفقيه عيسی) هەوڵدەدا هەستی نەتەوە و هۆزگەرایی لە بەدەست هێنانی لایەنگیری(قطب الدين) بۆ سەڵاحەددین بەکاربهێنێت، و توانی ڕازی بکات، کاتێك پێی ڕاگەیاند، خەڵك گوێرایەڵی سەڵاحەددین دەکات، جگە لە تۆ و(الياروقي) کەس نەماوەتەوە، بزانە هەر چۆنێك بێت ئەوەی تۆ و سەڵاحەددین کۆدەکاتەوە ڕەچەڵەکی کوردبوونە، با ئەم پایەیە لە سەڵاحەددین کە کوردە بۆ تورکەکان لە دەست نەچێت، هەروەك هاتووە: ((إن صلاح الدين قد أطاعه الناس ولم يبق غيرك و غير الياروقي، فعلى كل حال يجمع بينك وبين صلاح الدين أن أصله من الأكراد، فلا يخرج الأمر عنه الى الاتراك)). (ابوشامة،٢٠٠٢، ٤٨/٢/١-٤٩؛ ابن خلكان،د.ت، ١٥٤/٧-١٥٥)، و کاتێك ڕووی لە(الياروقي) کرد وادیارە یەکێك بوو لە گەورەترین میرە تورکەکانی و سەربازێکی زۆریشی لەگەڵدا بووە، هەوڵەکانی لە ڕازی کردنی کاریگەریان لەسەرنەبوو، هەربۆیە(الياروقي) ووتی: ((أنا لا اخدم يوسف ابدا)) واتا: ((من هەرگیز خزمەتی یوسف، واتا سەڵاحەددین ناکەم)) هەر لەبەر ئەمە گەڕایەوە بۆ لای(نورالدين محمود) لەگەڵ ئەو میرانەی لەگەڵیدا بوون. (ابن الأثير،١٩٨٩، ٢٠٢/٧؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ٤٩/٢/١؛ ابن خلكان،د.ت، ١٥٥/٧).

ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە جیاکاری ڕەگەزی و هۆشیاریەکەی زۆر بەزەقی بە هەڵوێست و هەڵسوکەوت و مامەڵەی سیاسی لەم ڕووداوە دەخوێندرێتەوە، تەنانەت گرتنەبەری ئەو هەڵوێستەی(الياروقي)یش بەرانبەر بە سەڵاحەددین هۆکاری ئەو جیاوازیە ڕەگەزیە بووە کە سەڵاحەددین کوردە، (عزت، ٢٠٢٢، ٣٣)، ڕاستە کارکردن بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی لەم کاتەدا نەبووە، بەڵام هەستە نەتەوەییەکە کاریگەری زۆری هەبووە تا ئاستی کێبڕکێ و

ململانێ و ناکۆکی لە نێوان تورك و کورد، ئەمەش بە جۆرێك لە بوونی دەمارگیری رەگەزی لەلایەن هەردوولا بەتایبەتی(الیاروقي) هەژماردەکرێت، وەك(ابوشامة) ئاماژەی کردووە کەوا کوردەکان شوێنکەوتە و گوێرایەلی تورکەکان نەبوونە، و تورکەکانیش بەهەمان شێوە شوێنکەوتە و گوێرایەڵی کوردەکان نەبوونە. (٢٠٠٢، ٣٠٨/٤/٣)، هەرچەندە ئەمەی(ابوشامة) ئاماژەی بۆکردووە رێژەیی بووە، بەڵام لەو کاتەدا بەزەقی بینراوە بەتایبەتی لە پەیوەندیە سیاسیەکان، چونکە سەرکردە تورکەکان نەیانویستووە سەڵاحەددین ئەو پایەیە وەربگرێت، بەهۆی کورد بوونی، و دەمارگیریان وایکردووە بەئاسانی پێیان قەبوڵ نەدەکرا کوردێك پایەیەکی ئاوا گەورە و گرنگ وەربگرێت، و رەنگە لە پێشتر نەیانتوانیوە ئەو ململانێی یە لەگەڵ(اسد الدين) شێرکۆ بکەن. (فتح الله،٢٠٢١، ٣٣).

رەنگدانەوە و وەرگرتنی شوناسی کوردی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی و سوڵتان سەڵاحەددین وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو هەبووە، توانی بە سیاسەتی ژیرانە و ئەزموونداری سیاسی قوڵ و مامەڵەی دبلۆماتکارانە سەرکردایەتی بەکۆمەڵبوونی کوردی ئەیوبی بکات بەرەو ئامانجە خوازراوەکەی کە پێکهێنانی دەسەڵاتداری و دەوڵەتداری کردن بوو، ئەگەرچی خودی خۆی لە نێو ژینگەی کوردی نەژیا بوو، بەڵام لەناو خێزانێکی کوردی پەروەردەکرابوو(البابيری،٢٠١١، ٩٧)، لەژێر سەرپەرشتی باوکی ئەیوب و شێرکۆی مامی، (ابن شداد،٢٠٠١، ١٢-١٣).

لەلایەکی ترەوە راستیە مێژووییەکان سەلماندوویانە سوڵتان سەڵاحەددین بەتوندی دەستی بەکۆمەڵبوونی کورد گرتووە لەمیانەی پشت بەستنی زۆری بەتاکەکانی نەتەوەکەی خۆی دەردەکەوێت کە دڵسۆزی و ئەمەکداری زۆریان بۆی هەبووە، (سعداوي،١٩٥٧، ٣٤)، وادیارە بە ئەزموونی سیاسی ئەوەی بۆی دەرکەوتووە بەشێك لەتورکەکان ئەو دڵسۆزی و ئەمەکداریەیان بۆی نەبوو، نەك هەر ئەوەندە ،بەڵکو دەمارگیری و ناکۆکی نێوان تورك و کورد رۆڵی گەورەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی هەبووە. سوڵتان بەئامانجی پرۆژە سیاسیەکەی لەلایەك، وەك هەڵوێستێك بەرانبەر بەشێکی خاکی کوردستان هەوڵ و تواناکانی خۆی خستەکار بۆ ئەوەی ناوچە کوردیەکان بخاتە سەر دەوڵەتەکەی بەتایبەتی ناوچەکانی هەرێمی جەزیرەی کرد بە بەشێکی گرنگ لە دەوڵەتەکەی، (البابيري،٢٠١٣، ٩٨)، لەکاتێکدا ئەو هەرێمانە پێشتر کەوتبوونە دەست سەلجوقیەکان دوای شەڕی مەلازگرد لەساڵی(٤٦٣ك/١٠٧١ز) و سەرکەوتنیان تیایدا رێگەی خۆش کرد بۆ دەستگرتن بەسەر

هەرێم و ناوچە کوردیەکان و هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بە میرنیشینە کوردیەکان، (محەمەد،٢٠٠٦، ٢٤٣).

بەم شێوەیە سوڵتان سەڵاحەددین توانی بەشی زۆری ناوچەکە کوردیەکان بۆ ژێردەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە، و فەرمانڕەوایەکی کورد یان کەسێکی نزیك لە خۆی کردووە بە فەرمانڕەوا لێی. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:فتح الله،٢٠٢١، ٥٤-٧٨). لەڕاستیدا بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك ناوچە کوردنشینەکانی سەر بە موسڵ و هەرێمی جەزیرە بەدەست ئەتابکە تورکەکان مانەوە دوای رووخانی میرنیشینە کوردیەکان، بەهاتنی سوڵتان و سوپای ئەیوبی بۆ ناوچەکە سنورێکیان بۆ باڵادەستی تاکڕەوی تورکەکان دانا.(توفیق،٢٠١٣، ٣٦٠). بە نموونە لەساڵی(٥٨١ك/١١٨٥ز) دوای هاتنی بۆ هەرێمی جەزیرە سوڵتان سەڵاحەددین، توانی قەڵاو ناوچە کوردیەکان بکات بە بەشێك لە دەوڵەتەکەی و میرە کوردیەکانی وەك فەرمانڕەوا دانا: لەوانە میر(سيف الدين علي) بۆ قەڵاکانی ناوچەی هەکاری نارد دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت (ابن الأثير،١٩٨٩، ٣١٠/٧؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ١٤٨/٣/٢) و میرە حەمیدیەکانی بۆ ئاکرێ و ناوچەکانی دەورووبەری نارد تا قەڵاکەی بکەن بە بەشێك لە دەوڵەتی ئەیوبی. (ابوشامة،٢٠٠٢، ١٤٨/٣/٢)، و کاتێك روویکردە باکوری جەزیرە میافارقینی لە دەست ئەرتوقیەکان دەرهێنا، دوای رێکخستنی کاروباری شارەکە رادەستی کەسانی لایەنگری خۆی کرد. (ابن الأثير،١٩٨٩، ٣١٣/٧؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ١٥٠/٣/٢)، دواتر داویەتی بە(تقي الدين عمر)(م:٥٨٧ك/١١٩١ز) برازای. (ابن الأثير،١٩٨٩، ٣١٨/٧) هەڵوێستی سوڵتان بۆ شارە کوردیەکانی تریش بەهەمان شێوە بوو بەتایبەتی دەستگرتن بەسەر ئامەد لەساڵی(٥٧٩ك/١١٨٣ز) (نورالدين قرا ارسلان الأرتقي)(٥٦٢-٥٨١ك/١١٦٧-١١٨٥ز) بە فەرمانڕەوا لەسەر شارەکە دانا، (ابن الأثير،١٩٨٩، ٢٩٣/٧؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ٩٧/٣/٢).

سەبارەت بە شاری ئەربل (هەولێر)وجەزیرەی بۆتان(جزيرة ابن عمر) و دەوروبەری سوڵتان سەڵاحەددین هەڵوێستێکی باشی بەرانبەر بەم شارانە هەبوو، کاتێك لەلایەن(مجاهدالدين قايماز)(م:٥٩٥ك/١١٩٩ز) وەك سەرپەریشتیار بەسەر(زين الدين يوسف بن زين الدين علي) فەرمانڕەوایی کردووە، ئەو کاتە(زين الدين) مێرد منداڵێك بوو، کاتێك(مجاهدالدين) فەرمانڕەوای(جزيرة ابن عمر) و شارەزوور وناوچەکانی دەورووبەری و داقوق و قەڵای ئاکرێ حەمیدی(عقر الحميدية)بوو، جا دوای ئەوەی دەستی بەسەر وولاتی جەزیرە داگرت، جگە لە موسڵ و قەڵاکەی هیچ شوێنێك بۆ(عزالدين مسعود)(٥٧٧-٥٨٩ك/١١٨١-١١٩٣ز)نەمایەوە،کە(مجاهدالدين)ی لەسەر دانابوو،کاتێك دەستگیرکرا دەسەڵاتداری ئەربل

و(جزيرة ابن عمر) گوێرایەڵی(عزالدين) نەبوو، هەرچەندە خەلیفەی عەباسی(الناصرلدين الله)(٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١٢٢٥ز) دەستی بەسەر داقوق گرت وجگە لە شارەزوور و ئاكرێ هیچ شوێنێکی تر بۆ(عزالدين مسعود) دەست نەکەوت، لەو کاتەدا لەساڵی(٥٧٩ك/١١٨٢ز) کە دواتر سوڵتان بەشێك لەم ناوچانەش دەخاتە سەر دەوڵەتەکەی هەر بۆیە دەسەڵاتداری موسڵ هەوڵی زۆریدا بۆ گێرانەوەی، و پەیوەندی بە خەلیفەی عەباسی(الناصرلدين الله) کرد بە مەبەستی یارمەتیدانی وکۆتایی هێنان بە ململانێی نێوان خۆی و سوڵتان بەتایبەتی لەبارەی پرسی(جزيرة ابن عمر) وئەربل، خەلیفەی عەباسی نێردەی خۆی (صدرالدين شيخ الشيوخ)(م:٥٨٠ك/١١٨٤ز) و (عزالدين مسعود)یش نوێنەری خۆی دادوەر(محيى الدين أبا حامد بن محمد الشهرزوري)(م:٥٨٦ك/١١٩٠ز) بۆ دیمەشق نارد، تا چاویان بە سوڵتان بکەوێت و ڕێکەوتن بکەن، هەرچەندە خەلافەتی عەباسی هەوڵ وتەقەڵای زۆریدا بۆ لەیەکتر نزیکبوونەوەی سوڵتان وموسڵ، بەڵام دانوسانەکانی نێوانیان وەستا بەهۆی ئەوەی نوێنەری موسڵ بە پێویستی دەزانی ناوی (جزيرة ابن عمر)و ئەربل لە ڕێکەوتنەکەدا باس بکرێت، لەکاتێکدا سوڵتان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە(زين الدين يوسف) خۆی مافی هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی هەیە کە ئارەزوومەندە  هاوکاری بکات وبچێتە ڕیزی، و پێی ووتن ئێوە هیچ فەرمایشتێك و قسەیەکتان نابێت لەگەڵ (جزيرة ابن عمر) وئەربل و پەیوەندی بە ئێوە نیە، هەروەك هاتووە :((ليس لكم مع الجزيرة و إربل حديث))،داوای نوێنەری دەسەڵاتداری موسڵی ڕەتکردەوە ڕایگەیاند  بۆی نیە بچێتە نێو پرس وبابەتی پەیوەست بە ئەربل، سوڵتان بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو سازش بکات لەسەر حسێب ومافی ئەتابکیەی ئەربل بەتایبەتی، (ابن الأثير،١٩٨٩، ٣٠٤/٧).

بێگومان ئەم هەڵوێستەی سوڵتان لەوە سەرچاوەی گرتبوو فەرمانڕەوای ئەربل لەگەڵ خۆیدایە، هەربۆیە ئەوهەڕەشانەی بەلاوە گرنگ نەبوو کە شاندەکەی موسڵ کردیان تایبەت بەوەی ئەوان داوای یارمەتیە سەربازییەکان لە پاشاکانی عەجەم(ووڵاتی چیاکان وئەزەربیجان) دەکەن بە ئامانجی وەرگرتنەوەی ئەربل بۆسەر موسڵ. (ابن الأثير،١٩٨٩، ٣٠٤/٧). لەسەر ئەم هەڵوێستە شڵەژاوەی ئەوان، سوڵتان سەلاحەددین وەڵامی هەڕەشەی شاندەکەی موسڵی بەتوندی دایەوە. بەمەش نێوەندگیری خەلافەتی عەباسی شکستی هێنا لە ئەنجامی سووربوونی سوڵتان ودەستگرتن بە هەڵوێستی خۆی لە پارێزگاریکردنی شاری ئەربل و(جزيرة ابن عمر) وەك بەشێك لە دەوڵەتەکەی ئەمەش بەهێزی کەسایەتی سوڵتان نیشان دەدات بەرانبەر بە

ئەتابکیەی موسڵ وخەلافەتی عەباسی وسووربوونی لەسەر بەردەوامیان وەك خاوەن فەرمانڕەوایی خۆی و مانەوەیان بە سەربەخۆ.

ململانێی دەمارگیری رەگەزی نێوان تورك و کورد رۆڵی گەورەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی هەبوو، ئەگەرچی سوڵتان سەلاحەددین لە هەموو جوڵەی سیاسی و پەیوەندیەکانی هەوڵی داوە بەپێی شەریعەت مامەڵەبکات بەتایبەتی لەگەڵ تورکەکان و میرە زەنکیەکان کە رێگری زۆریان لەبەردەم پرۆژە سیاسیەکەی دروست کرد، (ابن واصل،١٩٥٧، ٢/١٣٢-١٣٤). هەر لەوکاتەی بوو بە وەزیری خەلافەتی فاتیمی و دوای مردنی سەرکردەکەی(نورالدين محمود)لەساڵی(٥٦٩ك/١١٧٤ز) ئەم ململانێی و ناکۆکیە زیاتربوو، وسوڵتان بە ستراتیژیەتی پشوودرێژی و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی سەربازی مامەڵەی کردووە تا توانیویەتی، بە ناحەزی سیاسی لە قەڵەمی داون نەك دوژمن بە تێگەیشتنی ئایینی ئیسلامی.(عبدالله خان، ٢٠٢٤، ٢٠٢). لەگەڵ ئەوەی سوڵتان بەووردی ئاگاداری ئەو ناکۆکی و ململانێی یە دەمارگیریەی بەشێکی زۆری تورکەکان بوو، بەڵام بە سیاسەتێکی ووریا و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسە کردووە، دواتر بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی لەوە گەیشت کە دەبێت کۆڵەگە سەرەکی و گرنگەکانی دەوڵەتەکەی بە کەسایەتیە کوردەکان بسپێرێت ئەگەرچی لەمەشدا کەسایەتیە تورکەکان و عەرەبەکانیش بێ بەش نەکراون و پشتی پێ بەستوون و جومگەی سەرەکی و دەسەلاتی گرنگی پێداون، (فتح الله،٢٠٢١، ٥٤).

سوڵتان توانی بە دامەزراندنی دەوڵەت، شوناسی کورد لە وابەستەبوونی هۆز و خێڵگەرایی وەك خاڵێکی وەرچەرخان بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوتر کە بەکۆمەڵبوون و کۆکردنەوەی هۆز و خێڵە جیاوازەکانی کورد بوون لەوانە هەکاری و مارانی و هەزبانی و حەمیدی و شارەزووری ... هتد، رۆڵی گرنگیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی گێرا ، دواتر لەم چوارچێوەیە وەك شوناسی کوردی رۆڵەکەیان زیاتربوو لە خزمەت کردە سیاسی و شارستانیەتەکە رەنگدانەوەی ئەرێنی و کاریگەریە باشەکانیان دەرکەوت، (بۆ زیاتر بڕوانە: البابيري،٢٠٢٠، ١٠٤-١١٤؛ عبدالله خان، ٢٠٢٤، ١٩٩-٢٠٣)،بەڵام سوڵتان سەلاحەددین و مەلیکەکانی تری ئەیوبیانەی ئەوانەی دوای ئەو هاتن ناوی دەوڵەتەکەیان نەنا بە دەوڵەتی کوردی ،بەڵکو ناویان نا بەناوی خێزانەکەیان هاوشێوەی هەردەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەردەمی ئومەویەکانەوە، تەنانەت هەندێك لە مێژوونووسان دواتر دەوڵەتی ئەیوبی بە دەوڵەتی کوردی ناودەبەن لەوانە: (محمد بن ابراهيم الخزرجي)(م:٦٥٦ك/١٢٥٨ز) ناونیشانی کتێبەکەی(تاريخ

دولة الأكراد)ە کە مەبەستی دەوڵەتی ئەیوبی یە.(ابن الخزرجي،٢٠١٥، بەرگی کتێب)، ئەمەش بەهۆی قەبارەی ڕۆڵی کورد بوو لە دامەزراندن و ڕاگیرکردنی کۆڵەگەکانی بوو

شانازیکردنی سوڵتان سەڵاحەددین بە شوناسی کوردبوونی خۆی لەیەکێك لەبەڵگەنامەکانی نێوان خۆی وخەلیفەی عەباسی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی سوڵتان هاوسەنگی لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب ڕاگرتووە، ڕۆڵی دیاریان بەرزدەنرخێنێت، ئەمەش لە وەڵامی نامەیەکی خەلیفەی (الناصرلدين لله)، لەساڵی(٥٨٣ك/١١٨٧ز) کاتێك مژدەی رزگارکردنی قودسی پێدەدات، بە سوڵتان رادەگەیێنێت، قودس بە سەربازەکانی عەباسی و لەژێر سایە و ئاڵای من رزگارکراوە، لە وەڵامی ئەمەدا سوڵتان بە خەلیفە ڕاگەیاندووە، لە سوپاکەمدا (١٠) هەزار تورکمان و کوردی تێدایە ناسناوی هەریەکێکیان(صلاح الدين)ە، جا بۆ نکۆڵی لەسەر نەکەم، ڕوونی کردەوە کە قودس من ڕزگارم کردووە لەژێر ئاڵا و سەربازەکانم، جا کوا ئاڵا وسەربازەکانی؟ سوێند بە(الله) ڕزگار نەکراوە تەنها بە سەربازانم و لەژێر ئاڵاکانی خۆم نەبێ. دوای ئەمە سوڵتان بڕیاری داخستنی ئەو پرسە و پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بەغداد دەدات. (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٢٤/٢١-٣٢٥).

لە بەشێکی نامەیەك کە خەلیفە(الناصرلدين لله) عەباسی بۆ سوڵتان سەڵاحەددین ناردووە و ئاماژە بەوە دەکات کە هەریەك لە تورکمان و کورد بە دانیشتووی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی هەژماردەکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی ناکۆکی و گرژی لە پەیوەندیەکانیاندا ، هەردوولا جگە لە سوڵتان و جێگیرەکان نابێت گوێرایەڵی کەسی تر بکەن، و پاڵپشتی بۆ سوڵتان دەردەبڕێ و جەخت لەسەر بەردەوامی پەیوەندیەکانی لەگەڵدا کردۆتەوە (سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٢٩/٢١). لە وەڵامی بەشێکی ئەو نامەیەی خەلیفەی عەباسی بۆ سوڵتان سەڵاحەددین ناردبوو، تیایدا سوڵتان شانازی بە کوردبوونی خۆی دەکات و ناڕەزایی و گلەیی لە خەلیفە کرد لەبەرانبەر ئەو نادادییەی لە نامەکەیدا دەرهەق بە سوڵتان هاتبوو، ئەم شانازیکردنەی لە نێو نامەکەدا بە خەلیفەی گەیاند، تیایدا هاتبوو:((لە بارەی بەردەوامی پەیوەندی ئەو کوردانەی کە نکۆڵی بەردەوامییان رەتکرایەوە، ئەمەش بەهۆی زۆر بارگرانی بوونیان نەبوو بۆ خزمەتێك کە تیایدا هاوبەشی لەگەڵیاندا کردبێت، کە جێ بەجێ کردنی ئەرکێکی سەپێنراوە دەبێ ئەنجام بدرێت بەبێ هیچ خۆنمایش کردن و منەت کردنێك ...)).(سبط ابن الجوزي،٢٠١٣، ٣٤١).

لێرەدا نامانەوێت باس لە رۆڵی کەسایەتیە کوردەکان بکەین لە نێو دامەزراوە سیاسی و کارگێری و سەربازیەکانی دەوڵەتی ئەیوبی، چونکە ئەم بابەتە بەشێکی لێکۆڵینەوە لە بارەوە ئەنجام دراوە، (بڕوانە: حوسین،٢٠١٣، ٥٧-٦٦). بەپێویستی دەزانین تەنها ئاماژە بە گرنگترین رۆڵ و پێگەی ئەو کەسایەتیە کوردیانە بکەین وەك ئاماژەیەك تا بزانین سوڵتان سەڵاحەددین دەستگرێکی گەورە بووە بە نەتەوەکەی خۆی، توانا و لێهاتنەکانی تاکی کوردی لەوکاتەدا بۆ خزمەت بە دەوڵەتەکەی بەکارخستووە، بۆ ئێستا و داهاتوومان ئەو کارەی سوڵتان و رۆڵی ئەم کەسایەتیانە وەك شوناس و پێناسێکی کوردی دەناسرێنەوە و دەبن بە بەشێك لە مێژووی شانازی کورد، بەنموونە لەساڵی(٥٦٦ك/١١٧١ز) پایەی دادوەری لە میسڕ بە دادوەر(صدرالدين أبي القاسم عبدالملك بن عيسى بن درباس الماراني)(م:٦٠٥ك/١٢٠٦ز) بەخشی. بەشێکی سەرەکی رۆڵی تاکی کورد لەلایەنی سەربازی و سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبی بەهۆی سروشتی کورد بووە کە بە بەهێزی لەبواری سەربازی ناسراوە، هەروەك مێژوونووسان بەنیشانچی و سوارچاکی باش وەسفیان کردووە. (الدواداري،١٩٦١، ١٦٦/٦).

جگە لەمەش سروشتی ئەو هەلومەرجەی دەوڵەتی ئەیوبی تیایدا دامەزرا، بوون و بەردەوامی جەنگەکانی خاچدروشمەکان لەو کاتەدا لەوپەڕی گرژی و سەختی دابوو، کورد بەشی سەرەکی سوپای ئەیوبی پێکهێنابوو، تیمی تایبەتی شێرکۆی مامی کە لە میسڕ مایەوە ناسرا بوو بە تیمی ئەسەدی(الفرقة الأسدية) ژمارەیان نزیکەی(٥٠٠) سەرباز بووە، و تیمی دووەمی بەناوی(الصلاحية) ناسرابوو کە تایبەت بوون بە سوڵتان سەڵاحەددین میر(ابو الهيجاء السمين الهذباني)(م:٥٩٤ك/١١٩٧ز)سەرکردایەتی کردووە، (حسين،٢٠٠٣، ٦٢).

لەسەرەتای فەرمانڕەوایی سوڵتان لەساڵی(٥٦٧ك/١١٧١ز) لە میسڕ نمایشێکی سەربازی سوپای ئەیوبی بۆ تیمی(الصلاحية) ئەنجامدرا کە(١٤٧)یەکەی سەربازی هەبووە، هەر یەکەیەك ژمارەی سەربازەکانی لەنێوان(٢٠٠) یان(١٠٠) یاخود(٧٠) سەرباز بوو، سەرەڕای بەشداری نەکردنی(٢٠)یەکە کە ئامادە نەبوو نزیکەی(١٤)تا (١٦) هەزار سوارچاك و جەنگاوەر بووە، لەساڵی(٥٧٧ك/١١٨١ز) بەهۆی بڵاوبوونەوەی سوپا لەناوچە جیاجیاکان ژمارەی سەربازانی سوڵتان(٨٦٤٠) بووە، لەنێوانیاندا(١١١) میری کورد بوون. (حسين،٢٠٠٣، ٦٦-٦٧).

ئەگەرچی لەسەردەمی سوڵتان سەڵاحەددین دەقێکی مێژوویی نیە لەبارەی قسەکردنی بەزمانی کوردی، بەڵام لەسەردەمی براکەی سوڵتان(الملك العادل) دەقێکی گرنگ هەیە کە

وەك بەڵگە دەیسەلمێنێت سوڵتان سەڵاحەددین و بنەماڵەی ئەیوبی زمانی دایك و نەتەوەیی خۆیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو لە شوێنی پێویست و لە نێوخۆیاندا گفتوگۆیان پێکردووە، لەساڵی(٦١٣ك/١٢١٦ز) کاتێك(الملك العادل) بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی خاچدروشمەکان، دوای ئەوەی لەگەڵ کوڕەکەی (الملك المعظم عیسى) (م:٦٢٤ك/١٢٢٧ز) بۆ ناوچەی(لد) دواتر بۆ(نابلس) و پاشان لە(بیسان) دادەبەزێت، کوڕەکەی بە باوکی دەڵێت گەشت بکەین بۆ کوێ دەچین، لەوەڵامدا(الملك العادل) بە زمانی عەجەمی کە کوردی بووە جوێنی پێدەدات پێی دەڵێت بە کێ شەڕ دەکەم؟ ...هتد. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بە کوردی دوان و قسەکردنی بنەماڵەی ئەیوبی بەگشتی. (المقريزي،١٩٩٧، ٣٠٧).

لەم تەوەرە دەردەکەوێت هەموو ئەو رۆل و خزمەتکردنەی سوڵتان سەڵاحەددین بە شوناسی کوردبوون لە هەموو لایەنەکان، سەرەڕای هەموو هۆکارو پاڵنەرەکان کە زەمینەسازیان بۆی کرد، بەڵام هۆکاری خودی و بنچینە و ئاکارە کەسێتیەکانی کاریگەری گەورەیان هەبووە لە پێدانی شوناس بە کورد وەك دەسەڵاتدارێکی لێهاتوو بە بۆچوونی توێژەر ئەمانەن: توانا سیاسی و سەربازی و دبلۆماتکاریەکەی، و پاکیەتی کەسایەتیەکەی کە راستگۆی و دڵسۆزی لە کردار و رەفتار، و پابەندی بە بەها باڵاکان و بنەماکان لە هەموو لایەنەکانی ژیان، پیادەکردنی بنەمای راوێژ، دووربوون لەهەموو هۆکارەکانی گەندەڵی و خراپەکاری، سوودبینین لە توانای سەرکردە و میرە کوردەکان لە دەوڵەتەکەی و پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان کورد و نەتەوەکانی تر...هتد.

**تەوەری دووەم/ رۆڵی سوڵتان سەڵاحەدین لە بونیادنانی شوناسی کوردبوون لە رەهەندەکانی ئاراستە پێدەری مێژوو و ناساندن و بەهێزکردنی پێگەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامی و جیهاندا:-**

لەم تەوەرەدا شرۆڤەی رۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین لە بونیادنانی شوناسی کورد کراوە لە هەردوو رەهەندی ئاراستە پێدەری مێژوو وەك دەسەڵاتدارێکی کارێزما و پاڵەوان رۆڵی گەورەی لە ئاراستەکردنی مێژوو و رووداوەکانی و نووسینەوەیان گێراوە بەشێوەیەك گۆڕانکاریەکی گەورە بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان نەکراوبووە لەسەرگۆرەپانە سیاسی و سەربازیەکان روویانداوە، هەروەها شیکاری ئەو رۆڵە شارستانی و مەعریفیە کراوە کە وەك کارەکتەرێکی مێژوویی کوردی زیاتر ناساند و پێگەی لە زانینی مێژوویی ئیسلامی و جیهانی بەهێزکرد وەك رەگەزێکی کاراو گرنگ لەو سەردەمەدا.

**١- رۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین لە بونیادنانی شوناسی کوردبوون لە ڕەهەندەکانی ئاراستە پێدەری مێژوو:**

یەکێك لە لێکدانەوەکانی مێژوو لەزانستی فەلسەفەی مێژوو، ڕۆڵی دەسەڵاتدارە کە پێی دەڵێن پاڵەوان یان پیاوی مەزن و جووڵێنەری مێژوو، کە ڕۆڵی ئاراستەکردنی مێژوو دەبینێت، دواجار ئەو ڕۆڵەی ئاماژە بۆ ڕێبازەکانی چوارچێوەی ڕێنمایی بەخشین دەکات لەچۆنیەتی نووسینەوەی مێژوو و لێکدانەوەی دیاردەکات، کە بەها زیندووەکان یەکێکن لەو چەمکانەی تایبەتمەندی بەو ڕۆڵە دەبەخشێت، مەبەست لێی دەسەڵاتداری پاڵەوانە، مێژوو ئاراستە دەکات بە بنچینە فەلسەفیەکەی، جا ئەو پاڵەوانە گوزارشت لە بەها زیندووەکان دەکات و بەرپرس دەبێت لە بڕیارو کارەکان، بە پێچەوانەوە بە پاڵەوانی شکست خواردوو لەقەڵەم دەدرێت. (ئەلزەیدی،١٠١٥، ١٣١)، ئەم پاڵەوانە بە ناوەڕۆکی بلیمەتی زۆرجار خۆی نمایش دەکات لە بەها گەلێکی بابەتی کارا یان شێوەی زانین یاخود دانایی و لێزانین یان لەشێوەی ڕەوابوون کە دادگەری و یاسا و ڕێساکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە .(ئەلزەیدی،٢٠١٥، ١٣١-١٣٢)، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکان هەوڵ دەدەن و دڵسۆزی و پابەندبوونی دەوروبەرەکەی بەدەست دێنن تا خۆیان تەرخان بکەن، (ئەلمەلاح،٢٠٢٢، ٢٣١)، یاخود ئەو پاڵەوانە لەچوارچێوەی پیاوی پیرۆز لە کەسانێك دەردەکەوێت ڕێبازو ڕێگای پەیامبەر بگرێتەبەر بەسەر دەروونی خۆیان زاڵ دەبن، کاریگەری دەروونیان بەسەر خەڵك دەبێت، جا مەرج نیە هەموو بلیمەتێك ببێتە پاڵەوان ئەگەرچی ئەو بلیمەتیە بەخشەرێکی خوایی بێت، بەڵام هەلومەرجی گونجاو هەبێت دەکرێت ببێت بە پاڵەوان. (ئەلزەیدی،٢٠١٥، ١٣٢)، و یان پاڵەوان ئەو کەسەیە وزەی داهێنەرانەی نێو میللەت سوودی لێ دەبینێت و بەکردارگەلێك هەڵدەستێت خەڵك باسی دەکەن، و دەبن بە کۆڵەگەی شارستانێتی نەتەوەکەیان و ڕزگارکاریان، (بڕوانە: ئەلزەیدی،٢٠١٥، ١٣٢، ١٣٥-١٣٦، ١٣٩-١٤٠).

لە لێکدانەوەی تر لەبارەی دەرکەوتنی پاڵەوان وای بۆدەچن ئامانج لێی گوزارشت کردنە لەڕۆحی ئەو میللەتەی کە تێدا لەدایکبووە، (ئەلزەیدی،٢٠٢٥، ١٤١)، هەرچی پرسی ڕۆڵی بۆماوەیی یاخود ژینگە لە دەرکەوتنی پاڵەوان و ئاراستەپێدەری مێژوو، جیاوازی لە بۆچوونەکان هەیە، بەڵام هەردوو هۆکار ڕۆڵیان هەبووە لەدەرکەوتنی، ئەگەرچی ژینگە ڕۆڵی گەورەتر لە بۆماوەیی دەگێڕێت، (ئەلمەلاح،٢٠١١، ٢٤٠؛ گۆمەتاڵی،٢٠٢٠، ١٥٢).

دواجار پاڵەوان هۆكاری یەكلاكەرەوەیە لە دروستكردنی مێژوو، بەهۆی ئەو ئاكار و بەها و جیاكەرەوە كەسێتیەكانی. (ئەلمەلاح،٢٠١١، ٢٣٦). بە ووردبوونەوە لە تیۆرو لێكدانەوەكانی پاڵەوان لەفەلسەفەی مێژوو،و قوڵبوونەوە لە دەسەڵاتدارێكی وەك سوڵتان سەلاحەددین، هەموو ئەو ئاكار و ئەرك و رۆڵ و تایبەتمەندی بۆ پاڵەوان و ئاراستە پێدەری مێژوو دیاری كراوە، زۆربەی پیادە دەبن لەسەر كەسایەتی سوڵتان وەك دەسەڵاتدارێكی كارێزمایی كە بەها باڵاكان و مرۆڤدۆستیەكەی لە لوتكەدا بووە ، و نموونەیەكی باڵابوو لە پیادەكردنی بەها باڵاكان. (ابن شداد،٢٠٠١، ٣٠-٤١). هەروەها سوڵتان خاوەنی مەعریفە و رۆشنبیریەكی بەرزبوو هەموو تەمەنی منداڵی و گەنجی لە دەرباری فەرمانڕەوایەتی بەسەربردووە بەتایبەتی لەلای زەنگیەكان و بنەماڵەكەشیان خاوەنی پێگە و دەسەڵاتی جیاجیا بوونە، دادگەری و رەوابوون پیادەكاری یاسا و شەریعەت یەكێك لە سیما و تایبەتمەندیە گرنگەكانی سوڵتان بووە لەكردارو مامەڵە و بڕیاردانیدا. (ابن شداد،٢٠٠١، ١٢-١٣، ٤٩؛ابوشامة،٢٠٠٢، ٣٥٥). لە گرتنەبەر رێبازی پێغەمبەر(د.خ) هەروەك(ابن شداد) ئاماژەی پێكردووە،سوڵتان زۆر پابەندبووە بە كردارو سونتەكانی پێغەمبەر(د.خ) و فەرموودەی زۆری ئەزبەركردووە و بەكردار كاری پێكردووە، (٢٠٠١، ١٦-١٧)، و لەكاركردنی بۆ ئامانجە گشتیەكان، خۆی وەك پارێزەری جیهانی ئیسلامی نمایشكردووە، ئامانجی یەكبوونی موسڵمانانی بەدیهێنا،(ابن شداد،٢٠٠١، ١٠؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ٤٣/٢/١)،و رزگاركردنی قودس لەساڵی(٥٨٣ك/١١٨٧ز) توانی بەدەستی بهێنێت. (الأصفهاني،١٩٦٥، ١١٦-١١٧؛ابن الأثير،١٩٨٩، ٣٢٥/٧-٣٧٦؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ٢٣٢/١/٢ ).

پاڵەوان بوونی سوڵتان سەلاحەددین لە زاڵبوون بەسەر دەروونی خۆیدا لەو رەفتار و مامەڵە رەوشتیە بەرزانەی دەردەكەوێت جێگەی سەرسوڕمان بوو بۆ دوژمنەكانی پێش لایەنگرانی، كە خۆی بەدگمەن تورەبووە (بڕوانە: ابن شداد،٢٠٠١، ٣٥-٣٧). یەكێك لە تایبەتمەندی پاڵەوان بوونەكەی، قۆستنەوەی تواناكانی كەسانی دەوروبەری بوو بۆ ئامانجە گشتیەكان، ئەمەش وایكردبوو بتوانێت گوزارشت لە رۆحی ئوممەت و نەتەوەكەی بكات، لەمەدا نموونەی زۆرهەن، لەوانە سوودبینین لەتوانا بێشومارەكانی دادوەر(القاضي الفاضل)(م:٥٩٦/١٢٠٠ز) راوێژكار و بەرپرسی(دیوان الانشاء) لە ستایشی رۆڵیدا ووتویەتی: ((لاتظنوا ملكت البلاد بسیوفكم بل بقلم القاضي الفاضل)) واتا:((وا گومان مەبەن بوون بەسەرداری ئەو وڵاتانە بە شمشێرەكانی ئێوە بوو بێت بەڵكو بە پێنووسەكەی القاضي الفاضل بووە)). (ابن تغري بردي، ١٩٦٣، ١٥/٦). و سوودی لە توانای كەسایەتیە كوردیەكان بینی

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی دوای هێنانەکایەی ئەو کۆمەڵبوونەی هۆزو کەسایەتیە کوردیەکان لە میسر. (بڕوانە: البابيري،٢٠١٠، ١٠٤-١٠٧).

ئەوەی تایبەتە بە تیۆری بۆماوەیی و ژینگە و رۆڵیان لە دەرکەوتنی ئاراستەپێدەری سوڵتان سەڵاحەددین، زۆر بەروونی دیارە هەردوو بڕگە پیادە دەبن لەسەر ئاراستە پێدەربوون و پاڵەوان بوونی لە مێژوو، رەنگە ئەمە بۆ هەموو دەسەڵاتدارێك دروست دەرنەچێت، بەڵام هۆکاری بۆماوەیی لە خودی بنەماڵەکەیان بەگشتی تایبەتمەندی دەسەڵاتداری و سەرکردەبوون تیایاندا هەبووە بەتایبەتی باوکی(نجم الدين) ئەیوب توانایەکی سیاسی و کارگێری و سەربازی و کەسێکی داناو ژیرمەند بووە، بەرپرسی قەڵای تکریت، و پارێزگاری بەعلەبەك و دیمەشق و کەسی یەکەم بووە لەلای(نور الدين محمود) ...هتد. (ابن شداد،٢٠٠١، ١٢-١٣؛ابوشامة،٢٠٠٢، ٣٥٥/١/١). و مامی شێرکۆ کەسایەتیەکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو و جوامێر و قارەمان بووە لەلایەنی سەربازی و کارگێری و سەرلەشکری سوپای دەوڵەتی زەنکی و وەزیری خەلافەتی فاتیمی بووە. (ابن الأثير،١٩٨٩، ١٩٩/٧-٢٠١؛ ابوشامة،٢٠٠٢، ٣٥٥/١/١، ٤٤/٢/١).

هۆکاری ژینگە و جوگرافیە جیاوازەکان، کاریگەری زۆریان لە پێدانی ئاراستە پێدەری و پاڵەوان بوون بە سوڵتان هەبووە، چونکە هەر لە منداڵیەوە لە بەعلەبەك ژیاوە، سەردەمی گەنجی لە دیمەشق و دواتر چوونی بۆ میسر و دواتر لە تەواوی ناوچە جیاوازەکانی شام و جەزیرە بە ئەرکی سیاسی و سەربازی ماوەتەوە و لێیان ژیاوە، و تێکەڵاوی و مانەوەی لەگەڵ ژمارەیەك ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جیاواز هەبووە، لە موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە و قبتی و شیعە و کورد و تورکمان و عەرەب و سودانی و ئەفریقی و خاچیەکان بە هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئەوروپا... هتد. گومانی تێدانیە ئەم خاك و جوگرافیا جیاوازانە کاریگەری زۆریان هەبووە لە پێدانی ئەزمونداری و تێگەیشتنی زیاتر لەژیانسازی. (خۆشناو،٢٠١٥، ٧٤).

سوڵتان وەك دەسەڵاتدارێکی کارێزما ، توانی دەسەڵاتداری ژمارە یەکی سەردەمی خۆی بێت، تەنانەت لەنێوان زۆربەی سەرکردە و پاڵەوانانی مێژوو تاکە دەسەڵاتدار بوو کە ئەو سەردەمەی خۆی بە پێویستی زانیوە و دەبوو ببێت، (سيد الأهل،١٩٦٤، ٦)، وەك ئاراستەپێدەرێکی کارای مێژوو دەرکەوتوو، توانی مێژوو و رووداوەکانی ئاراستە بکات نەك لە سەر ئاستی جوگرافیایەکی دیاری کراو و سنوورداری بەرتەسك خۆی لە قەوارەیەکی

سیاسی بچووك ببینێتەوە، بەڵكو لەسەر ئاستی جیهانی ئەوكاتە جیهانی ئیسلامی و مەسیحی وئەوروپی ناسرابوو لەچوارچێوەی ململانێیە بەردەوام و درێژخایەنەكەی نێوان موسڵمانان و خاچدروشمەكان.

لێرەدا بە پوختی لە چەند خاڵێك گرنگترین ئەو رەهەندە و لایەنانە دەخەینەڕوو كە ئاراستەپێدەری مێژوو بە سوڵتان سەلاحەددین دەبەخشن لە گۆڕینی نووسینەوەی مێژوو.

١- دەركەوتنی سوڵتان سەلاحەددین لەسەر گۆڕەپانی رووداوە سیاسی و سەربازیەكان لەكاتێكدا بوو كە جیهانی ئیسلامی لە بارودۆخێكی سیاسی و سەربازی ئاڵۆز و شڵەژاو دابوو، بەتایبەتی پەرتەوازەیی سیاسی و زەمینەی نا ئومێدی موسڵمانان بەهۆی باڵادەستی خاچدروشمەكان و بەشی رۆژهەڵاتی بە دەست قەوارە و میرنشینی ناوخۆیی لاواز و ململانێیكار لەگەڵ یەكتر دەیناڵاند، تەنانەت ئەو لاوازیە خەلافەتی عەباسیشی لێی بەدەرنەبوو، هەر بۆیە بوونی پێویستیەكی سیاسی و ستراتیژی و سەربازی زۆر گرنگ بوو، چونكە خاچدروشمەكان لەسەرەتای هاتنیان تا ئەوكاتە و دواتریش هەڕەشەی لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی موسڵمانەكانیان كردووە. (بڕوانە: عاشور،١٩٦٥، ٣٥-٥٣).

٢- كاركردنی سوڵتان سەڵاحەددین بۆكۆتایی هێنانی ئەو قەوارە سیاسیە ناوخۆیانەی كە سیمای پەرتەوازەیی بوون، بونیادنانی یەكبوونی موسڵمانان لەژێر سەركردایەتی خۆی، ئەمە بوو بەخاڵی وەرچەرخان بەرەو یەكێك لە ئامانجە گەورەكان، كە رزگاركردنی شاری قودس و یەكەم رووگەی موسڵمانان دوای زیاتر لە(٩٠) ساڵ لەژێر دەسەڵاتی خاچدروشمەكان بوو،جگە لەمەش بوونی خۆی و دەوڵەتەكەی پێویستیەكی گرنگ بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەكانی خاچدروشمەكان، كە پێنجیان هاوسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی بوو، (سيد الأهل،١٩٦٤، ١٠-١٢). ئەم رزگاركردنەی قودس، بۆتە شوناسێكی بۆ كورد، چونكە هەركاتێك ئاماژە بە قودس بكرێت ناوی سوڵتان سەلاحەددین وەك رزگاركارێكی كورد دێت، ئەمە بە شاكارێكی مێژوویی بۆ كورد هەژماردەكرێت لە زەمینەی ئێستادا دركپێكراوە. وەك(ابن الأثير) لەوكاتەدا ئەم رزگاركردنەی بە رێز و شانازی و شەڕەفمەندی بۆی باسكردووە كە لەدوای دووەم خەلیفەی راشدین(عمر بن الخطاب)(ر.خ) كەس نەیتوانیوە ئەم دەسكەوتە بەدەست بێنێت. (١٩٨٩، ٣٣٧/٧).

٣- سوڵتان سەڵاحەددین بەهۆی دەركەوتنی وەك پاڵەوانێكی تێكۆشەر پێگەیەكی تایبەت و درەوشاوەی وەرگرت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو رۆڵە سەربازیە بوو كە خۆی و بنەماڵەكەی و

میر و سەرکردە و هۆزە کوردە بەشداربووەکان لە بەرهەڵستیکردنی خاچدروشمەکان گێڕایان، دواجار بوون بە بەخشەری شوناسێکی جیا بە کورد لە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی خاچدروشمەکان. (جب،١٩٩٦، ١٨٤؛لشكري،٢٠٠٤، ٢٠٠).

لەدەقێکی شیعری (القاضي ابن سينا الملك)(م: ٦٠٨ك/١٢١٢ز)کە قوتابی (القاضي الفاضل) و یەکێک بووە لە نزیکەکانی سوڵتان سەڵاحەددین لە ستایشی بنەماڵەی ئەیوبی کوردی دەڵێت : ((بدولة الترك عزت دولة العرب ، و بإبن أيوب ذلت بيعة الصلب (ابوشامة،٢٠٠٢ ،٣/٢، / ١٠٦). ئەو دەقە هۆنراوەیە، زۆر بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بنەماڵەی ئەیوبی نەعەرەب و نە تورکن ، واتا: دەوڵەتی عەرەب شکۆی بۆ گەڕایەوە بە دەوڵەتی زەنگی، کە مەبەستی(عمادالدين الزنكي)و (نورالدين محمود) ە ،و بە کوڕی ئەیوب (واتا سەڵاحەددین) گفت و بەڵێنی خاچی ملکەچ کرا، ئەمەش واتا بەکورد و دەوڵەتی ئەیوبی. لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەم شاعیرە لەجیاتی ووشەی (بالكرد) دەبینین (بإبن أيوب) بەکارهێناوە، توێژەر بەخوێندنەوەی بۆ مێژووی سوڵتان سەڵاحەددین وای بۆ دەچێت ،سوڵتان وەکو کوردێک سەرەڕای شانازیکردنی بە کوردبوونی خۆی و ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو بۆچوونانەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان بۆ عەرەب یان هەر نەتەوەیەکی تر دەگەڕێنێتەوە، بەڵام نەویستووە پرسی جیاکاری نەتەوەیی لەوکاتەدا تۆخ بکرێتەوە هاوشێوەی دەمارگیری هەندێک لە تورکەکانی ئەو سەردەمە، چونکە پێویستی ئەو قۆناغە مێژووییە ئەوەبوو کە موسڵمانان تەبا بن و دوورکەونەوە لەپەرتەوازەیی ،جگە لەمەش ئامانجی سەرەکی سوڵتان یەکبوون بووە ،و دەیزانی بەمە دەتوانێت بەسەر مەترسیەکان بەگشتی و خاچدروشمەکان بەتایبەتی سەرکەوتووبێت ، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە سوڵتان ڕۆڵی کوردی وەك نەتەوەیەکی کارا لە کایەی سیاسی بۆقۆناغێکی پێشکەوتوو برد کە لوتکەی دەوڵەتداری بوو لەسەرئاستی نێودەوڵەتی سەرکردایەتی لایەنێکی جیهانی ئەو سەردەمەی کردوە، بۆتە هۆکاری پاشەکشەکردنی خاچدروشمەکان، ئەمەش ئاراستەی نووسینەوەی مێژووی کوردی گۆڕیوە بەشێوەیەك وەك شوناسێك بۆ کورد دەوترێت کوردەکان پێشەنگی سەرکردایەتی ئەو قۆناغە مێژووییەیان بەسەرکەوتوویی کردووە.

٤- جگە لە ڕۆڵی سیاسی و سەربازی، سوڵتان سەڵاحەددین ئاراستەکردنێکی تری بە مێژووی کورد بەخشی، ئەویش ئەو دەسکەوت و بوژانەوە شارستانی و پەرەسەندنی هزرییەی کە هەموو ووڵات و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی بەتایبەتی لەسەردەمی خۆیدا، لە لایەنەکانی زانستە عەقلیەکان و ئەدەبیەکان بە خۆیەوە بینی بەتایبەتی میسر و شام و هەرێمی

جەزیرە(باكوری كوردستان و بەشێك لە ڕۆژئاوا و باشورەكەی) بە هاندانی سوڵتان بۆ زانست و زانایان و بونیادنانی دامەزراوە زانستی و كارگێڕ و دیوان و مزگەوت و قوتابخانە جێماوە و شوێنەوارەكانیان. (ابن جبير،د.ت، ١٩٣). ئەمەش گەنجینەیەكی تری خستۆتە سەر مێژووی شارستانیەتی كورد، وەك شوناسێك لەم وولاتانە بۆتە هۆكاری ناسینەوەی كورد لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، هەموو ئەم ڕەهەندانە بوونە هۆكاری شانازیكردنی نەتەوەكانی تر بە سوڵتان، و كاریگەری خۆی هەیە لەسەر دیدو تێڕوانینی نەتەوەكانی تر بۆ نەتەوەی كورد، ئەمەش شوناسی و پێناسەكەی سوڵتان سەلاحەددینە.

ئاشكرایە ئاراستەپیدەری لەكارێزماتیكی سوڵتان وەك دیاردەیەكی كەم وێنەی جیهانی و قارمانی كورد و موسڵمانان و پارێزەری جیهانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات دەردەكەوێت بە گەواهیدەری مێژوونووس و توێژەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پیاوی ژمارە یەكی سەردەمی خۆی بووە، بەهۆی كەسایەتیە سەركەوتووەكەی لە تایبەتمەندی خودی و مامەڵەكردن لەگەڵ بەرانبەر بەوپەڕی بێ وێنەیی، و ڕۆڵ و پێگەی دیار و دەسكەوتەكانی بۆ موسڵمانان لەو قۆناغە پڕ مەترسی و دژوار و هەستیارەی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی ڕۆژهەڵات پیایدا گوزەری دەكرد بەهۆی جەنگەكانی خاچدروشمان و هەڕەشە زۆر و ترسناكەكانیان لەسەر وولاتی شام و میسر و تەواوی ناوچەكە بە مەرامی لەناوبردن و كۆتایی هێنان بە دەسەلاتی موسڵمانان، بۆیە لەم هەلومەرجە سوڵتان وەك فریادرەس و دڵسۆزێكی گەورەی و موسڵمانان و كورد بەرەنگاری خاچدروشمەكان بوویەوە لەپێناو پارێزگاریكردن لە موسڵمانان و خاكەكانیان، ودواتر رزگار كردنی بەشێكی زۆری ئەوخاكانە، بەتایبەتی شاری قودس. (فتح الله،٢٠٢١، ١).

هەروەها بۆ كورد، بەتایبەتی دەسەلاتداران كەرستەی ڕێ نیشاندان و عەقلیەتی فەرمانڕەوایەتی كردنی سەركەوتوویان پێدەناسێنێت لە دڵسۆزی ودانایی و بیرتیژی و دووربینی و دادگەری و تێكۆشان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وخۆنەویستی و قوربانیدان و خاكی بوون، بە هەزاری ژیانی ڕاییكردن وەك كۆمەڵانی خەڵك،...هتد، ئەمانە وایكرد ناوی بە درەوشاوەیی ونەمری بمێنێتەوە لەهزر و ناخی مرۆڤایەتی و موسڵمانان بەتایبەتی تائێستا دوای تێپەربوونی زیاتر لە(٨٥٠) ساڵ بەسەركۆچی دوایی كردنی. (فتح الله،٢٠٢١، ٢). دەردەكەوێت لە كارێزمایی لە مێژووی كورد و جیهان، تا ئێستا هیچ سەركردەیەك نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لەمێژووی كۆن و مێژووی ئیسلامی و نوێ و هاوچەرخی كورد،

بۆیه پێویسته بكرێت به هەوێنێك بۆ پرسی سیاسی و نەتەوەییمان ئەمەش بەسوود بینین له ڕەهەندی تایبەتمەندی كەسایەتیەكەی.

**٢- ڕۆڵی سوڵتان سەڵاحەددین وەك شوناس و كارەكتەرێكی مێژوویی له زیاتر ناساندن و بەهێزكردنی پێگەی كورد له زانینی مێژووی ئیسلامی و جیهانیدا:**

زانینی مێژوویی ئیسلامی، چەمكێكی گشتگیر وبەرفراوانه تێگەیشتن و شیكردنەوه بۆ ڕووداو پێشهاتەكانی مێژوو دەكات لەچوارچێوەی مێژووی ئیسلامی وەك پێویستیەكی زانستی و ئاینی به گرنگیدان و جەخت كردنەوه لەسەر هەموو لایەنەكانی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی... هتد. ئەمەش لەوه دەردەكەوێت كه مێژوو بابەتێكی سەربەخۆ و جیا نیه، بەڵكو به زانست و زانینەكانی ترەوه وابەستەیه و شتی لێی وەردەگرن، جا ئەو زانینەی مێژوو وەك كارابیەك بەرهەم دەهێنن، دەكرێت سوودی لێ ببیندرێت، به زیاتر لەچوارچێوەی زانینەكانی ڕۆشنبیری ئیسلامی سوودی لێوەربگیرێت وەك فەرمووده و فیقه و ڕاڤه و سۆفیگەری و ئامۆژگاری. (لشكري،٢٠٠٤، ٣٠-٣١).

دیاره كورد له هەموو قۆناغه جیاوازەكانی مێژووی ئیسلامی وێنا و ڕۆڵی جۆراوجۆری هەبووه لەنێو زانینی مێژووی ئیسلامی، له ئاست و لایەنەكان، بەڵام سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی بەگشتی و لەماوەی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان سەڵاحەددین بەتایبەتی تایبەتمەندی خۆی هەیه بەهۆی سروشت و هەلومەرجی ئەو سەردەمه و ململانێیەكانی نێوان موسڵمانان و خاچدروشمەكان. (حسين،٢٠١٣، ١١٩)، بوون و ڕۆڵی هەمەلایەنەی سوڵتان بەگشتی لەو قۆناغه مێژووییەی تیایدا ژیاوه، بەتایبەتی بوونی دەوڵەتی ئەیوبی و ڕۆڵه جیهادی و سەربازیەكەی و دەسكەوتەكانی كاریگەریەكی یەكجار زۆری له دەوڵەمەندكردنی بوون و وێنای كورد له زانینی مێژووی ئیسلامیدا هەبووه، بەشێوەیەك كورد لەچەندییەتی و چۆنیەتیەوه لەزانینی مێژووی ئیسلامی بەرەو قۆناغێكی پەرەسەندووتر تا ئاستی لوتكه دەچێت، لەبەر ئەوەی سوڵتان بەو ڕۆڵەی له جەنگەكانی خاچدروشمەكانی بینی، بوونی كوردی به گەورەیی چەسپاند، جگه له ڕۆڵه شارستانیەتیەكەی لەهەموو لایەنەكان وایكرد پێگەی كورد زۆر زیادبكات لەنێوسەرچاوەكان له نووسینەوەی مێژووی ئیسلامیدا. (جب،١٩٩٦، ٦٩-٩٨). وا دیاره پێگەو ناوبانگی كورد لەم زانینیه هاوتەریب بووه لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی سیاسی سوڵتان سەڵاحەددین بەتایبەتی دوای وەرگرتنی پایەی وەزارەت له میسر



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin Crossref KUJHS

لەساڵی(٥٦٤ك/١١٦٩ز) و پێشهاتەکانی دواتر، ئەمەش بەسەرەتای ئەو گۆڕانە لەم زانینە مێژووییە هەژمار دەکرێت. (حسین،٢٠١٣، ١٨٠).

خودی سوڵتان سەڵاحەددین و دەوڵەتەکەی دەسکەوتێکی مینۆکی وکلتوری و مێژوویی گەورەیان بە کورد بەخشیوە بە پێدانی مەرکەزیەت و ناوەندوون لەرووی سیاسی و سەربازی وەك بەهێزترین کەسایەتی کاریزمایی، و دەوڵەتەکەی بەهێزترین دەوڵەتی ئەو سەردەمە بووە لە رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، تەنانەت لەڕووی مەعریفە وزانینی مێژوویی، کورد وەك نەتەوەیەکی کارا مەرکەزیەتی مێژوویی وەرگرت، وپانتاییەکی بەرفراوانی لەچوارچێوەی مێژووی موسڵمانان داگیرکرد، بەشێوەیەك ناو وباسی کورد لەنێوسەرچاوە مێژووییەکان زۆر زیادی کرد، و نرخاندنی رۆڵ و پێگە و گەورەیی و لێوەشاوەیی...هتد. هەر لەم نێوەندەدا سوڵتان شانازیکردنی نەتەوەکانی تریشی بۆ خۆی و دەوڵەتەکەی دەستخست، ئەمەش دوای ئەوەی لەڕووی ئەکادیمی و بەگشتی بە سەدان بگرە زیاتر نامەی ماستەر و تێزی دکتورا و کتێب وتوێژینەوە لەجیهان و کوردستان لەبارەی سوڵتان و دەوڵەتەکەی نووسراوە و دەنووسرێت، ئەمەش بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ پێگەو گەورەیی ئەم دەسەڵاتدارە کوردە، لەکۆتاییەکەی دەکرێت سوود ببینین لە کەسایەتی سوڵتان سەڵاحەددین و دەوڵەتەکەی بۆ پرسی نەتەوەی کورد لەچوارچێوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی بەقۆستنەوە و دەرفەت زانینی ئەو ناوبانگی ولێبوردەیی بوون و مامەڵەی مرۆڤدۆستانە بەتایبەتی بەرانبەر بە دوژمنەکانی وایکرد لەهەموو کەسێکی هاوچەرخی خۆی زیاتر رێز و پایەداربوونی لە هەردوو جیهانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەوروپای مەسیحی هەبێت. (فتح الله،٢٠٢١، ٢-٣). بەتایبەتی لەچەندین سەرچاوەی مێژووی جۆراوجۆر لە کۆتاییەکانی سەدەکانی شەشەم تا کۆتایی نۆیەمی کۆچی و دواتریش دەرخستنی زیاتری ناو و رۆڵی کورد پەرەی سەند، لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەك لەو سەرچاوانە دەکەین. لە کتێبەکەی(ابن الأثیر)(م:٦٣٠ك/١٢٣٢ز) دەبینین زیاتر لە چەندین لاپەرەی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی سوڵتان بەشێوەی پچڕپچڕ و ریزبەندی ساڵی رووداوەکان، (آمیدي، ٢٠٠٦، ١٩٣)، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کاتێك باسی رەچەڵەکی سوڵتانی کردووە، تەنها بۆچوونی راست لەم بارەوە دەخاتەڕوو کە لە خانەدانەکانی کورد و لەخێڵکی رەوادی کوردی دادەنێت، بەبێ ئەوەی هیچ بۆچوونێکی تر بخاتەڕوو. (ابن الاثیر،١٩٨٩، ٧/٢٠٠).

لەسەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی دەوڵەتان (تواریخ الدول) (ابوشامة) (م:٦٦٥ك/١٢٦٦ز) لەکتێبی (کتاب الروضتین في اخبار الدولتین النوریة و الصلاحیة) لەسێ

بەرگ و پێنج بەشدا کتێبەکەی زۆربەی تایبەتە بە دەوڵەتی ئەیوبی و سەردەمەکەی، تەنها لەیەك بەشی باسی دەوڵەتی زەنکی دەکات، ئەمەش بۆ یەکەم جارە کورد گرنگترین سەردەمی مێژووی لە مێژووی ئیسلامیدا بەناوی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی بڵاوبێتەوە، (حسین،٢٠٠٣، ٢٣)، جگە لەمەش سەرچاوەییەکی تر کە تەنها بۆ دەوڵەتی ئەیوبی نووسراوە لە شەش بەشی جیاواز هی(ابن واصل)(م:٦٩٧ك/١٢٩٧ز) بە ناوی(مفرج الكروب في اخبار بني ايوب) ئەمە لە سەردەمی پێشوودا سەرچاوەی لەم شێوە نەبووە، بەتایبەتی بەشی دووەمی تایبەتە بە سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین. (فتح الله،٢٠٢١، ٢٢-٢٣). هەروەها کتێبەکانی(عماد الدين الكاتب الأصفهاني)(م:٥٩٧ك/١٢٠٠ز) کە لە دیارترین مێژوونووسی سەردەمی سوڵتان سەلاحەددین بووە کە زۆر نزیك بووە لێی و جگە لە کاری نووسینی نامەکان، لە(ديوان الانشاء) مێژوونووسیش بووە، لە کتێبەکانی(البرق الشامي) تایبەتە بە پەیوەندیەکانی سوڵتان لەگەڵ زەنگیەکان لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی.(حسین،٢٠٠٣، ١٣)،سەرچاوەی دووەم(الفتح القسي في الفتح القدسي) بەتایبەتی باس لە گەورەترین دەسکەوتی سەربازی سوڵتان دەکات کە ئەویش رزگارکردنی شاری قودسە، جگە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکە جیاجیاکانی تری شام، و ئاماژەدان بە کەسایەتیە سەربازیەکان. (حسین،٢٠٠٣، ١٥). بەتایبەتی کوردیەکان دەکات، جگە لەمانە هەریەك لە کتێبی(كنز الدرر و الجامع الغرر) بەشی حەوتەمی کە بەناوی(الدر المطلوب في اخبار بنى ايوب) هی الدواداري(م:٧٣٤ك/١٣٣٤ز) و کتێبی(شفاء القلوب في مناقب بنى ايوب) کە تایبەتە بە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی و سوڵتان و مەلیکەکانی تر.

لە کتێبە سەرگوزەشتەکان، یەکەم کتێب تایبەت بە دەسەلاتدارو فەرمانڕەوایەکی کورد بنووسرێت لەو سەردەمەدا کە ئەویش(النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية) ناسراوە بە(سيرة صلاح الدين) هی(ابن شداد)(م:٦٣٢ك/١٢٣٤ز) یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی تایبەت بە ژیانی کەسی و سیاسی و سەربازی و دبلۆماتکاری سوڵتان سەلاحەددین، جگە لەمە ئاماژەدان و باسکردنی بنەماڵەی ئەیوبی و زۆرێك لە کەسایەتیە کوردەکان، ئەمەش بەهۆی نزیکی هاوەلایەتیکردنی سوڵتان وئامادەبوونی بووە لەتەواوی رووداوەکان.(ابن شداد،٢٠٠١، ١٠)،

هەروەها لەکتێبەکانی(تراجم) کتێبی(وفيات الاعيان وأنباء ابناء الزمان) هی(ابن خلكان)(م:٦٨١ك/١٢٨٢ز) کە زانایەکی بەرەچەڵەك کوردە، هەستی نەتەوەیی و وابەستەبوونی کوردبوونەکەی وایکردووە بایەخێکی یەکجار زۆر بە ژیان و رۆڵی کەسایەتیە سیاسی و سەربازیەکان و زاناکانی کورد بدات بەتایبەت تر زۆر بە ووردی باسی ژیان و

لایەنە سیاسی و سەربازی و پەیوەندیەکانی سوڵتان دەکات، گرنگیەکی زۆری بەرەچەڵەکی ئەیوبیەکان داوە، کوردبوونیان پشت راست کردۆتەوە بە زانیاری بایەخدار، کە خۆی سەردانی شارۆچکەی دوینی لە ئەزربیجان کردووە. (بڕوانە: د.ت، ١٣٩/٧-١٤١؛ شریف،٢٠١٦، ١٠١-٢٧٦). تەنها بۆ باس و بەسەرهاتی سوڵتان سەلاحەددین زیاتر لە(٨٠) لاپەڕەی تایبەت تەرخان کردووە، جگە لە باس کردن و ناوهێنانی لە نێو بەسەرهاتی زیاتر لە(٧٠) کەسایەتی تر، (ابن خلکان،د.ت، ١٣٩-٢١٨؛ شریف،٢٠١٦، ١٣٤). جگە لە دەیان سەرچاوەی مێژوویی تر لەسەدەکانی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم و یازدەهەمی کۆچی، چ وەك کتێبی تایبەت لەبارەی دەوڵەتی ئەیوبی، یاخود بەشێکی زۆر یا بەرگێگ و زیاتریان تایبەت کردووە بە دەوڵەتەکە و مێژوو و رۆڵی کەسایەتیە کوردەکان لەوانە: (المرتضی الزبیدي)(م:١٢٠٥ك:١٧٩٠ز) کتێبەکەی تایبەتە بەدەوڵەتی ئەیوبی بەناوی (ترويح القلوب في ذكر الملوك بني ايوب) تیایدا نەژادی ئەیوبیەکان و یەکە یەکە کەسایەتیەکانی بنەماڵەی ئەیوبی دەخاتەڕوو. (بڕوانە: الزبیدي، ١٩٦٩، ٣٥-٧٧). سەرچاوەیەکی تر لەبارەی ئەیوبیەکان و کورد نووسراوە ئەویش کتێبی (أخبار الأيوبيين)ی (ابن العميد)ە مێژوونووسێکی قبتی یە، لەساڵی (م:٦٧٢ك/١٢٧٤ز) یان (م:٦٩٢ك/١٢٩٢ز)، ئەم کتێبە لەساڵی(٦٠٢ك/١٢٠٦ز) لەسەردەمی(الملك العادل)باسی دەوڵەتی ئەیوبی دەکات تا سەرەتای چوارەم سوڵتانی دەوڵەتی مەمالیکی بەحری. (بڕوانە: ابن العميد،د.ت، ٥-٥٥).

جگە لەمانە، تاکەکانی نێو بنەماڵەی ئەیوبی خۆیان رۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی کورد لە زانینی مێژووی ئیسلامی و نووسینەوەی مێژوو و رووداوەکانی پێش و دوای ئەوسەردەمە هەبووە،لەوانە مێژوونووس(ابوالفداء الأيوبي)(م:٧٣٢ك/١٣٣١ز) کە یەکێکە لە نەوەکانی بنەماڵەی ئەیوبی، کتێبێکی (٤) بەرگی لە چوارچێوەی مێژووی گشتی بەناوی(المختصر في أخبار البشر) نووسیوە ئەگەرچی زۆرێك لە زانیاریەکانی لە کتێبی(الكامل في التاريخ)(ابن الأثير) وەرگرتووە، (فتح الله،٢٠٢١، ٢١). وکتێبی(مضمار الحقائق وسر الخلائق)ی (محمد بن عمر المظفر شاهنشاه) یە(م:٦١٧ك/١٢٢٠ز) تایبەتە بە مێژووی سوڵتان و رووداوەکانی نێوان ساڵانی(٥٧٥-٥٨٢ك/١١٧٩-١١٨٦ز) ، و خزمی سوڵتان بووە.(بڕوانە:د.ت، ٣٨-٢٣٠)، و کتێبی(تاريخ دولة الاكراد و الاتراك، تاريخ دولة الاكراد) هی(ابراهيم الخزرجي)(م:٦٥٨ك/١٢٥٨ز) تایبەتە بە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی، بۆچوونی جیا لەسەر دانەرەکەی هەیە، ساغکەرەوەکە پێی وایە دانەرەکەی نادیارە لەساڵی(٥٧١-٦٥٥ك/١١٧٥-١٢٥٧ز)باس کردووە، (مؤلف مجهول،٢٠١٠، ٩٥-٥٣٠).

لەمەی سەرەوە دەردەکەوێت، هەموو ئەو سەرچاوانە و دەیانی تر پێگەی کوردیان لە نێو زانینی مێژوویی ئیسلامی و نووسینەوەی مێژوودا بەهێز و دەوڵەمەند کردووە، تەنانەت رۆڵی سیاسی و سەربازی و شارستانی کورد لەسەردەمەکانی دوای دەوڵەتی ئەیوبیش زۆر بەگەورەیی مایەوە بەتایبەتی لەسەردەمی هەردوو دەوڵەتی مەمالیکی بەحری(٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز)،و چەرکەسی(٧٨٤-٩٢٣ك/١٣٨٢-١٥١٧ز) بێگومان ئەم چاکیە بەپلەی یەکەم بۆ خودی سوڵتان سەڵاحەددین و دەوڵەتی ئەیوبی دەگەڕێتەوە کە بەکۆمەڵ بوونی کورد لە میسر و شام و ناوچەکانی تر کۆکردۆتەوە. (بڕوانە:حسن،٢٠٠٩، ٣٣-٢٩٥؛ قادر،٢٠١٤، ٣٥-٢٠٢).

لەئاستی جیهانیدا، سوڵتان سەڵاحەددین بەتایبەتی لە زانین و نووسینی مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسان و لێکۆلەرانیاندا پێگەی بەرچاوی هەیە، بە کەسایەتی و دەسەڵاتدارێکی دیار هەژماردەکرێت، بە ستایش کراو و و رێزلێ گیراوە و بە لێبوردە و بەخشندە بەرانبەر بە دوژمنەکانی ناسراوە، ئەمەش وایکردوە مێژوونووسانی ئەوروپی و جیهانی بەگشتی کتێبی تایبەت یان بەشێك لە کتێبەکانیان بۆ نووسینی ژیان و رۆڵی ئەم سوڵتانە تەرخان بکەن. (حوسین،٢٠١٣، ١١٦).

ئەم پێگە و ناوبانگیە وایکردووە وەك شوناسێکی بەهێزی رۆژهەڵات و موسڵمانان بۆ کورد دەربکەوێت، کە لێرەدا نامانەوێت نموونەی ئەو ستایش و گەورەیی یەی مێژوونووس و رۆژهەڵاتناسان لێرە نمایش بکەین بەڵکو زیاتر بەهای ناوەڕۆکی نووسین و سەرچاوە وکتێبەکانیان چەند لەم زانینە مێژووییە دەبێتە پێناس و شوناسێکی پێگەیشتووی درەوشاوە بۆ کورد، چونگە ئەوان زۆر بە قووڵی لە ژیان و کەسایەتی سوڵتان ووردبوونەتەوە و رەنگە ئەم هەڵوێستە ئەرێنی یە یان لەهەمبەریدا هەنگاو بەهەنگاو بووە، بە مانایەکی تر دەکرێ ئەو ستایش و پیاهەڵدان و دەرختنە باش و چاکانەی ئەم دەسەڵاتدارە لە سەرەتاوە لەیەك ئاستی تێگەیشتن نەبووە، چونکە کاتێك(ستیڤنسن) ستایشی دەکات بەوەی لەو پلەیەش سەرکەشتر بوو کە ئاواتی هەموو ئەو سوارچاکەنە بوو رۆژێك بێت و پێیبگەن، نائومێدبوون و دەستیان نەکەوتووە. (حوسین،٢٠١٣، ١١٧).

لەڕاستیدا سوڵتان سەڵاحەددین توانی بچێت بەرەو نێو ناخ و هزری ئەوروپیەکان لەمیانەی ئەو ئەفسانانە ناسیان کە خۆیان چنیان و دایانڕشت بەهۆی سەرسامبوونیان بە رەوشت و بەها باڵاکانی، کە هەرگیز ئەوە بۆ هیچ سەرکردەیەکی موسڵمان روونەداوە لە

سەردەمی جەنگەکانی خاچدروشمەکان بەبێ زیادەڕۆیی یان گومانکردنی دەمارگیری تەنانەت هەندێك لە ئەوروپییەکان دوای گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمانی خۆیان هێشتا سوڵتان سەڵاحەددین لە یادگە و بیریاندا مابوویەوە. (مۆنس، ٢٠٠٨، ٣٠٢). سەرسام بوونیان بە رەوشتی گەیشتە ئەو ئاستەی دڵتەنگیان نیشانداوە بەهۆی ئەوەی نەبۆتە مەسیحی(نەسرانی)، تا وای لێکردوون ئەفسانەی بۆ دابڕێژن و وادەریخەن کە ئەو لە بنەچەدا ئینتما بۆ نەسرانی بوون هەبووە، (خۆشناو،٢٠٢٥، ٨٠).

لێرەدا دەردەکەوێت نەتەوەی کورد لە چ ئاستێکی ئەم سەرسوڕمانەی ئەوروپییەکانە؟ لەکاتێکدا سوڵتان سەڵاحەددین دوژمنی ئەوان بوو، هەر بۆیە دەکرێت ئەو رەوشت و بەها مرۆڤدۆستیە بکرێت بە شوناس و سوودی لێببینین لە وێستگە جیاوازەکانی نەتەوەکەمان. ئەوەی رۆژهەڵاتناس(هاملتون جب)لە کتێبەکەی(صلاح الدين الأيوبي) ئاماژەی پێداوە، یەکێکە لە مەزنترین دەسکەوتی شوناسی بوون لەو زانینە مێژووییەی سوڵتان توانیویەتی بەدەستی بهێنێت کە نهێنی یەکێك لە هۆکارە دیارەکانی سەرکەوتنی بووە، لە ئێستا و رابردوو و داهاتوودا، نەتەوەی کورد پێویستیەتی بۆ ئەوەی وەك شوناس و دروشمی ئامانجەکان و سەرکەوتن و سوودی لێ ببینێ، ئەویش لوتکەی رەوشت و یەکبوونی ڕیزە وەك ئامراز و کەرەستەی سەرکەوتن بەسەر دوژمن، ئەم راستیە زۆر بە ئاشکرا لە کتێبەکەی ئەم رۆژهەڵاتناسە ئینگلیزە رەنگیداوەتەوە، (١٩٩٦، ١١٨).

هەربۆیە مێژوونووس و رۆژهەڵاتناسەکان لەنێو زانینی مێژوویی و نووسینەکانیان چەمکی (رەوشت بەرزی) بەپلەی یەکەم و(لێبودەیی) بە دووەم، هەبوونی لە کەسایەتی سوڵتان سەڵاحەددین جەختی لێدەکەنەوە، جگە لە ئاکار و بەها مرۆییەکانی تری وەك ئازایەتی و جوامێری و رەفتار و مامەڵە نەرمی و دڵسۆزی، دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندی کەسی و قوربانیدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکان. لەوانە سەرکەوتنی بەسەر خاچدروشمەکان بەتایبەتی گێڕانەوەی شاری قودس، پیاوەتی و شەرفمەندی لە کەسایەتیەکەی، و بەڵێنداری و راستگۆیی.(بڕوانە:زکار،١٩٩٥، ٣٢٧/٧؛ رنیسمان،١٩٩٧ ١٤٨/٣؛ رستون،٢٠٠٢، ١٣٧؛ البيرشاندور،د.ت، ٢٣؛ ديورانت،د.ت، ١٤١/٢/٤؛ لوبون،٢٠١٢، ٣٤١) .

مێژوونووس(ابن شداد) لەبارەی رەوشت بەرزی و لێبوردەیەکەی دوای شرۆڤەکردنی هەموو ئاکاری کەسایەتیەکەی سوڵتان لێرەدا ئاماژە دەکات بە ئایەتی ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ (سورة القلم، اية:٤) دەڵێت: ((من گەورەم( مەبەستی سوڵتان سەڵاحەددین)ە، نابینم تەنها ئەوە

نەبێت کە هاوبەشی ئەم رەوشتە بووە)). (٢٠٠١، ٣٦)، لەبەر ئەوە سوڵتان بەم رەوشت بەرزییە گەیشت بە پلەی پاڵەوانی جیهانی و مێژوو، هەروەك(جیمس رستون) جەختی لێکردۆتەوە و دەڵێت:((تا ئەمڕۆ سەڵاحەددین نموونەی ئازایەتی لەهەموو جیهانی ئیسلامی... و بە هێما و رەمزی ئومێد بەخشی دەمێنێتەوە، ونموونە و وێنەیەك تا دەگات بە سنووری ئەفسانە... بەم شێوەیە جیهانی ئیسلامی هەمیشە چاوەڕوانی سەڵاحەددینێکی ترە، جا نامۆنیە لە ووتاری هەینی گوێبیست بین لەسەر یەکێك سەکۆکانی لە حەلەب بۆ قاهیرە و بەغداد بانگەواز و نزا بکات لە پێناو دەرکەوتنی پیاوێکی وەك ئەو تا قودس رزگار بکات)). (٢٠٠٢، ١٢-١٣).

**دەرئەنجام**

١- شوناسی نەتەوەیی هەستێکی کردەیی خواییە لەناو ناخ و دەروونی مرۆڤەکان، لە ئەنجامی تایبەتمەندی و جیاکاری نەتەوەیەك لەگەڵ ئەوی دیکە سەرهەڵدەدات، و رێساو یاسا سروشتی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان کاریگەریان لە پەرەسەندن و پێگەیشتنی نەتەوەکە هەیە، شوناسی کورد سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بە تێپەڕبوونی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان گەڵاڵە بووە، وملکەچی یاسا مێژووییەکان بووە .

٢- سوڵتان سەڵاحەددین ئەو ناوبانگ و گەورەییەی کە بەدەستی هێناوە بەهۆی کارێزمابوونی بووە، هەر بۆیە کەسایەتیە لێهاتووەکەی و رەوشت و بەها مرۆییەکانی وەك مرۆڤدۆستێکی بێ وێنەی ئەو سەردەمە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرانبەر لەئاستی باڵا، وایکرد ببێت بە شوناسێکی دیاری کورد، وەك دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوای سەرکەوتوو شوناسێکی دیارە بەتایبەتی بۆ فەرمانڕەوا کوردەکان فەرمانڕەوایی کردنی سەرکەوتوویان پێدەناسێنێت لە دڵسۆزی و دانایی و دووربینی و دادگەری و تێکۆشان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی...هتد. ئەمانە وایکردووە تا ئێستا لەهزر و ناخی مرۆڤایەتی بە درەوشاوەیی بمێنێتەوە.

٣- لێهاتوو بوونی سوڵتان سەڵاحەددین وەك دیاردەیەکی کەم وێنەی جیهان و پاڵەوانی کورد تایبەتمەندی ئاراستەپێدەری مێژووی وەك شوناسێك بۆ کورد وەرگرتووە، چونکە پارێزەری جیهانی ئیسلامی بووە لەسەردەمەکەیدا و توانی ئاراستەی نووسینەوەی مێژوو بگۆرێت بە رۆڵ و پێگە و دەسکەوتەکانی لەو قۆناغە پر مەترسی و هەستیارەی جیهانی ئیسلامی پیایدا گوزەریکردووە بەهۆی جەنگەکانی خاچدروشمەکان و هەرەشە زۆرەکانیان بۆ سەر ووڵاتی

شام و میسڕ و تەواوی ناوچەکە بە ئامانجی لەناوبردن و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی موسڵمانان.

٤- سوڵتان و دەوڵەتەکەی دەسکەوتێکی مینوکی و مێژوویی گەورەیان وەك شوناس بە کورد بەخشیوە لە پێدانی ناوەندبوو بە کورد لەرووی سیاسی و سەربازی وەك بەهێزترین فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە، و لەرووی زانینی مێژوویی کورد وەك نەتەوەیەکی کارا ناوەندبوونی وەرگرت، و پانتاییەکی بەرفراوانی لەو مەعریفە مێژووییە لە چوارچێوەی مێژووی موسڵمانان داگیرکرد، بەشێوەیەك ناو وپێگەی کورد لەنێو سەرچاوە مێژووییەکان زۆر زیادیکرد، و نرخاندنی رۆڵ و جوامێری و ئازایەتی و لێوەشاویەکەی .

٥- ئەگەرچی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەردەمی ئەودا بوونی نەبووە، بەڵام هەست و هۆشیاری نەتەوەیی بەتایبەتی لەو قۆناغەی کە تیایدا دەرکەوت لە قاڵبێکی کارا و زیندوودا بووە، هەربۆیە ئەو زانیاریە مێژوویانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەروو لە شانازیکردنی سوڵتان سەلاحەددین بە نەتەوەکەی خۆی و و رەتکردنەوەی هەموو ئەو بۆچوونانەی دووری دەخەنەوە لە نەتەوەی کورد، و بەکۆمەڵ و کۆکردنەوەی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی ئەمانە بەڵگەی مێژوویین کە پێدەری شوناسێکی گەورەیە بۆ کورد.

**پێشنیارەکانی توێژینەوە :**

١- ئەنجامدانی کۆنفراس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ سوڵتان سەلاحەددین بەتایبەتی لە بابەتی کەسایەتیە کارێزمایەکەی و بوارە نەتەوەیەکەی و تیشك خستنە سەر ژیان و پێگەی سیاسی و شارستانی لە مێژوودا.

٢- بەدیارخستنی تایبەتمەندی مرۆڤدۆستی ونەتەوەیەکەی لە پرۆگرامەکانی فێرکردن بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، وهاندانی ناوەندە سیاسی و ئەکادیمی و ئایینەکان بۆ ناساندنی زیاتری ئەم فەرمانڕەوایە و پەندو وانەوەرگرتن لە ژیانی و بەدیارخستنی رۆڵ و ئاکار و رەوشت و بەها مرۆییەکانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەرانبەرەکانی بەتایبەتی لێبوردەیی و میانڕەویەکەی بۆ رووبەرووبوونەوە و نەهێشتنی هزر و مامەڵەی توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا.

٣- لەپێناو زیندوومانەوەی ناو و پێگەی سوڵتان سەلاحەددین لەهزر و یادەوەریدا، هەوڵبدرێت شەقام و هۆڵ و دامەزراوەی فێرکردن و سەنتەر و شوێنە گشتیەکان ناوی ئەویان

لێبنرێت، بەتایبەتی بونیادنانی پەیکەرێکی یادەوەری بەناوی( سوڵتان سەڵاحەددین وەك هێمای شوناسی کورد و مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی) .

**بەربەستەکانی توێژینەوە :**

١- یەکێك لەو بەربەستانەی رووبەرووی توێژەر بوونەتەوە زەحمەتی دەستخستنی زانیاریەکانی ئەم بابەتە بوو لە دووتوێی سەرچاوەکاندا کە پێویستی بە بەرگەکرتن و دان بەخۆداگرتنی زۆر هەبوو، چونکە بەئاسانی دەست بە زانیاریە گرنگ و ووردەکان نەدەگەیشت.

٢- بابەتی پرسی شوناس پێدانی لایەن سوڵتان سەڵاحەددین بەکورد دەتوانین بڵێین توێژینەوە و کاری زانستی وای بۆ نەکراوە لە رابردوودا،هەر بۆیە توێژەر لەرووی میتۆدی توێژینەوەکە کە شیکارییە، بەرپرسیاری زۆری بۆ دروست بووە، ئەمەش بەهۆی تێکهەڵکێشی بابەتەکە و هەوڵدان بۆ خۆپارێزی لە دووبارەنەکردنەوەی زانیاری.

**لیستی سەرچاوەکان وژێدەرەکان**

**القرآن الكريم**

**یەکەم: سەرچاوەکان:**


ابن الاثير .عزالدين ابن الحسن بن ابي الكرم الشيباني (ت: ٦٣٠هـ/١٢٣٢م) (١٩٨٩). *الكامل في التاريخ،تحقيق:* علي شيري، بيروت: دار الاحياء التراث العربي.

الاصفهاني. عمادالدين ابو عبدالله محمد بن صفي الدين ابي الفرج (ت: ٥٩٧هـ/١٢٠٠م). (١٩٦٥). *الفتح القسي في الفتح القدسي،تحقيق*: محمد محمود صبحي، د.م: الدار القومية للطباعة والنشر.

ابن تغري بردي. جمال الدين ابي المحاسن يوسف (ت: ٨٧٤هـ/١٤٦٩م) (١٩٦٣). *النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة،*مطابع كوستاتسوماس وشركاه، القاهرة: المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمة.

ابن الخزرجي ،محمد بن ابراهيم بن محمد الانصاري (ت: ٦٥٦هـ/١٢٥٨م) ،(٢٠١٥). *تاريخ دولة الاكراد،تحقيق:*ايمان ناروزي، استنبول: ازاد. ji Erebi wergeeo kurmanci: M. Emin Narozi, W ESANXANEYAAZAD, Istanbul , 2015

الجرجاني. علي بن محمد بن علي (ت: ٨١٦هـ/١٤١٣م) (١٩٨٥). *التعريفات*. بيروت: مكتبة لبنان.

ابن جبير. ابو حسين محمد بن احمد بن سعيد الكناني (ت: ٦١٤هـ/١٢١٧م) ، (د.م). *تذكرة الاخبار عن اتفاقات الاشعار المسمي رحلة ابن جبير*. بيروت: دار الكتاب اللبناني.

ابن خلدون .عبدالرحمن بن محمد بن محمد (ت: ٨٠٨هـ/١٤٠٦م) (٢٠٠٧). *مقدمة ابن خلدون.* تحقيق:هيثم جمعة هلال، بيروت: دار المعارف.

ابن خلدون. (١٩٧٩). *العبر وديوان المبتدا والخبر في ايام العرب والنجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الاكبر* ، بيروت: مؤسسة جمال للطباعة والنشر.

ابن خلكان. ابوالعباس احمد بن محمد بن ابراهيم (ت:٦٨١هـ/١٢٨٢م) (١٩٩٨).*وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان،تحقيق:*احسان عباس،بيروت: دار الكتب العلمية.

الدواداري. ابوبكر ابن عبدالله ابن ايبك (ت: بعد ٧٣٦هـ/١٣٣٥م) (١٩٦١). *الدرة المضيئة في اخبار الدولة الفاطمية،تحقيق:*صلاح الدين المنجد،القاهرة، مطبعة لجنة التاليف والترجمة.

الزبيدي المرتضى (ت: ١٢٠٥هـ/١٧٩م) . (١٩٦٩). *ترويح القلوب في ذكر الملوك بني ايوب*، تحقيق:صلاح الدين المنجد،بيروت: دار الكتب الجديد.

سبط ابن الجوزي .شمس الدين ابو المظفر يوسف بن قزاوغلي التركي (ت: ٦٥٤هـ/١٢٥٦م) (٢٠١٣). *مرآة الزمان في تواريخ الاعيان،تحقيق:*ابراهيم الزيبق،دمشق: دار الرسالة العالمية.

السيوطي. الامام الحافظ جلال الدين عبدالرحمن (ت: ٩١١هـ/١٥٠٥م). (١٩٦٨)، *حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة،تحقيق:*محمد ابو الفضل ابراهيم،القاهرة: دار احياء الكتب العربية.

ابو شامة،شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم بن عثمان المقدسي(ت: ٦٦٥هـ/١٢٦٦م)، (٢٠٠٢)، كتاب الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية،تحقيق: ابراهيم شمس الدين،بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن شاهنشاه الايوبي،محمد بن عمر المظفر (ت: ٦١٧هـ/١٢٢٠م) ،(د.ت)،*مضمار الحقائق وسر الخلائق،تحقيق:*حسن حبشي، القاهرة: عالم الكتب.

ابن شداد. بهاء الدين يوسف بن رافع الاسدي (ت: ٦٣٢هـ/١٢٣٤م). (٢٠٠١)، *النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الايوبي)، تحقيق:*محمد حسني مصطفى، حلب: دار القلم العربي.

ابن العميد ،مكين جرجيس (ت: ٦٧٢هـ/١٢٧٤م) او(٦٩٢هـ/١٢٩٢م) ، (د.م). *اخبار الايوبيين*. بور سعيد: مكتبة الثقافة الدينية .

ابن كثير، عمادالدين اسماعيل بن عمر(ت: ٧٧٤هـ/١٣٧٣م)،(٢٠٠٢)*طبقات الشافعية،تحقيق:* عبدالحفيظ منصور، بيروت: دار المدار الاسلامي.

المقريزي. تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر بن محمد (ت: ٨٤٥هـ/١٤٤١م) (١٩٩٨). *الخطط المقريزية المسماة المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار،تحقيق:*خليل المنصور،بيروت، دار الكتب العلمية.

المقريزي. (١٩٩٧)، *السلوك لمعرفة دول الملوك*،تحقيق:محمد عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن واصل. جمال الدين بن محمد بن سالم (ت: ٦٩٧هـ/١٣٩٧م) (١٩٥٧). *مفرج الكروب في اخبار بني ايوب*،جمال الدين شيال، القاهرة: المطبعة الاميرية.

**ژێدەرەکان بەزمانی عەرەبی:**

آميدي، كرڤان محمد احمد ، (٢٠٠٦)، *الكرد في كتابات المؤرخ ابن الاثير الجزري*. اربيل: مطبعة حاجي هاشم .

البابيري حكيم عبدالرحمن ، (٢٠١١)، *الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة (ابن خلدون)* . اربيل: مطبعة حاجي هاشم .

البيطار،نديم ،١٩٨٢، حدود الهوية القومية، بيروت.

بعلبك، أحمد وآخرون،٢٠١٣، *الهوية وقضاياها في الوعي العربي المعاصر*، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية.

البيرشاندور. (د.س)، *صلاح الدين الايوبي البطل الاتقى*، ت:سعيد عبدالحسن، دمشق: د.م.ط.

البيض، سالم، ٢٠٠٩، *الهوية*، الاسلام، العروبة، التونسية، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية.

بيومي، علي، (١٩٥٢). *قيام الدولة الايوبية في مصر*، القاهرة : د.م.ط.

جيب ،السير هاملتون آ.ر، (١٩٩٦)، *صلاح الدين الايوبي دراسات في التاريخ الاسلامي* . بيروت: بيسان للنشر والتوزيع والاعلام.

حسن، قادر محمد. (٢٠٠٩). *اسهامات الكرد في مصر والشام خلال عهد المماليك البحرية (٦٤٨-٧٨٤هـ/١٢٥٠-١٣٨٢م)*. اربيل: مطبعة الحاج هاشم .

دوفرجية،موريس. (١٩٩١). *علم اجتماع السياسية* ،ت: سليم حداد، ،بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات.

ديورانت،ول وايريل، (د.م). *قصة الحضارات*. بيروت: د.م.ط.

رستون،جيمس.،(٢٠٠٢). *مقاتلون في سبيل الله*، ت، رضوان السيد، الرياض، مكتبة العلمية .

رنيسمان، ستيڤن، (١٩٩٧)، *تاريخ الحروب الصليبية*،ت:السيد الباز العريني،بيروت: دار الثقافة.

زكار، سهيل، (١٩٩٥)، *من تاريخ اعمال انجزت فيما وراء البحار، ضمن الموسوعة الشافعية في الحروب الصليبية* ، دمشق ، دار الفكر .

سعداوي، نظير حسان،١٩٥٧، *التاريخ الحرب المصري في عهد صلاح الدين الأيوبي*، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

سيد الأهل، عبدالعزيز،١٩٦٤، *ايام صلاح الدين*، القاهرة، المجلس الاعلى للشؤن الاسلامية،

عاشور، سعيد عبدالفتاح،(١٩٦٥)، *الناصر صلاح الدين*،القاهرة، دار المصريةللتأليف والترجمة .

عزت،فائزة محمد، (٢٠٢٢)، *البنية الفكرية للمجتمع الكوردي في العصور الاسلامية* ، هەولێر ، مكتبة حاجى قادر كۆيى .

فتح الله،كامران علي، (٢٠٢١)، *دبلوماسية السلطان صلاح الدين الايوبي في صوء رسائل ديوان الانشاء*،عمان، دار غيداء للنشر والتوزيع.

قادر،كامل اسود،(٢٠١٤)، *دور الكرد الحضاري في مصر وبلاد الشام خلال عهد الدولة المماليك الجراكسة (٧٨٤-٩٢٣هـ/١٣٨٢-١٥١٧م)*،اربيل،مطبعة حاج هاشم .

لوبون، غوستاف،(١٩٥٤)، *فلسفة التاريخ*، ت: عادل زعيتر، مصر،دار المعارف.

لوبون، غوستاف،٢٠١٢، *حضارة العرب*، القاهرة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة.

الملاح،هاشم يحى،(٢٠١٠)،*الحضارة الاسلامية وآفاق المستقبل*، بيروت،دارالكتب العلمية.

المعلوف،لويس، (١٩٥٦)، *المنجد في اللغة والادب والعلوم*، بيروت،مطبعة الكاثولية .

نوري ،دريد عبدالقادر.،(١٩٧٦)، *سياسة صلاح الدين الايوبي في بلاد مصر والشام والجزيرة*،بغداد: مطبعة الارشاد.

النوري، قيس. (١٩٨١)، *الحضارة الشخصية* ، الموصل: د.م.ط.

**سێیەم: ژێدەرەکان بە زمانی کوردی**

ئەحمەد زادە، هاشم، (٢٠١٢)، *زمان، ئەدەب و ناسنامە* ، هەولێر، دەزگای ئاراس .

ئەلزەیدی،موفید،(٢٠١٥)،*سەرەتایەک لە فەلسەفەی مێژو*،*و:*بورهان حاتم،هەولێر،ناوەندی هزر.

توفیق، زرار سەدیق، (٢٠٢٠)، *کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیدا* ، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات .

ئەلمەلاح،هاشم،یحیا،(٢٠١١)،*دەروازەیەک لە فەلسەفەی مێژوو*، و:دەوەن حەسەن هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

حبیبوڵلا،نیهاد، جەلال،(٢٠٢٥)،*سەلاحەدین ئەیوبی لە نێوان زوهد و سەرکردایەتیدا* ،سلێمانی : بڵاوکراوەکانی ئەستانە .

حوسێن،محسن محمد،(٢٠١٣)، *چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی کورددا، دەوری سەرەکی کوردەکان لە سوپای سەلاحەدیندا* ، هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم .

حوسێن،محسن محمد،(٢٠١٣)، *سەڵاحەددین بەڕای مێژوونووسان سوارچاکی سەلاحەدین* ، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم .

حوسێن, محسن محمد، (٢٠١٣)، *سەڵاحەددین دەبێ کێ بێ* ، هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم .

شريف،حسين،شاكر، (٢٠١٦)،كورد لە کتێبی *(وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان)*، هەولێر، دەزگای چاپ و بەخشی نارین .

گوڵمحەمەدی، ئەحمەد، (٢٠٠٧)، *بەجیهانبوون، کولتور، شوناس*. دهۆک ،چاپخانەی خانێ

عبدالواحد، كلثومه جميل و موسى محمد ،(٢٠٢٣). *لاوازی وابەستەبوون وەک هۆکارێک بۆ ڕووخانی ئیمپراتوریەتی میدیا (٦٧٨-٥٥٠پ.ز)، پرسی وابەستەبوون و گرفتەکانی نیشتیمانسازی لە هەرێمی کوردستان*، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین .

عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین عەلی، (٢٠١٠)، *شەڕی گۆگامێلا ئەربیلا (٣٣١پ.ز)*،سلێمانی ، چاپخانەی کەمال.

عبدالله، کامران،عزیز،(٢٠٢٣)، *هۆکارەکانی لاوازی وابەستەبوونی تاکی کورد بۆ نیشتیمان سەدەی (٤م٥ك/ ١٠و ١١ز) وەک نمونە ، پرسی ئینتما و گرفتەکانی نیشتیمانسازی لە هەرێمی کوردستان* ،هەولێر ، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین .

فتح الله، كامران علي، يوسف صابر، ٢٠٢١، *سوڵتان سەڵاحەددین ئەیوبی*، چ٢، ب.ش.

لیدمان، ستیڤن،ئەریك، (٢٠١٦)، *مێژووی فەلسەفەی سیاسی،و:* عبدالله.رسول،سلێمانی، چوارچرا.

محەمەد، نشتیمان بەشیر، (٢٠٠٦)، *کورد و سەلجوقییەکان*.و:ئیدریس عەبدوڵا مستەفا،هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

ناوخۆش، سەلام، (٢٠١٦)،*کوردستانی ساسانی و کوردستانی ڕۆمی* ، هەولێر ، تەفسیر .

**چوارەم : ژێدەرەکان بە زمانی ئینگلیزی:**